# چاپکراوی نوێ

(مستەفا ساڵح کەریم . خەرمانێك بیرەوەریی رۆژنامەنووسێك بە تامی چیرۆك) ناوونیشانی کتێبێکە خۆی لە هەڤپەیڤیندا دەبینێتەوە کە نووسەرو رۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید لە دووتوێی (١٨٤)لاپەڕە چاپی کردووە، نووسەر دەڵێت: چیرۆکی سازدانی ئەم چاوپێکەوتنە چیرۆکێکی دوورو درێژە کە چەند ساڵێکی ویست تا هاتە بەرهەم، لەگەڵ چیرۆکنووس و نووسەرو رۆژنامەنووس و پەروەردکار لە ناوەندی رووناکبیری و ئەدەبیی کوردیدا. هەروەها دەنووسێت: مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیەو کەسێکی قسەزان و و بە دەموپلە، گفتوگۆی رۆژنامەوانیش کە رووبەڕوو تۆمارکرا، زۆر راستگۆیانە و راشکاوانە و عەفەوی و گەرموگوڕترە و دەچێتە دڵانەوە. ئەو گفتوگۆیانە لە ژمارەکانی(٢٣٦و ٢٣٧و ٢٣٨)ی گۆڤاری رامان لە ساڵی ٢٠١٧دا بڵاوکراونەتەوە. لە کۆتایی ئەم کتێبەدا نووسەر پاشکۆیەکی سەربەخۆی بۆ وێنەی قۆناغەکانی تەمەن و ئەزموونی مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم داناوە.

دەستخۆشی لە نووسەرو رۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید دەکەین کە لە میانی ئەو کتێبەدا توانیویەتی ئەم هەڤپەیڤینە تێروتەسەلە لەگەڵ م. ستەفا ساڵح کەریم سازبکات و گشت لایەنە کانی ئەدەبی و نووسین و پەروەردەیی بگرێتەخۆی.




# چاپکراوی نوێ

ڕۆژنامەنووس و نووسەری ناوداری کورد فەرهاد عەونی لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت و ناوازەدا سێ کۆبەرهەمی خۆی بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمیست دابەشکرد.. کە خۆیان لە گێڕانەوەو تۆمارکردنی چەند لاپەڕەیەکی شاراوەی مێژووی کورد و خەباتی سیاسی مامۆستا فەرهادو ئەوانە دەبینێتەوە کە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو بەشداریان کردووە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد تاکو ئەمڕۆ. لە ڕاستیدا ئەم سێ کتێبە بریتین لە گەنجینەیەکی مێژوویی زۆر بە نرخ کە کتێبخانەی کوردی زۆر دەوڵەمەند دەکەن، کەس لە خوێندنەوەیان بێزار نابێت، چونکە مامۆستا بەشێوەیەکی وا ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە مرۆڤ لەگەڵ خۆی دەخاتە ناو ڕووداوەکان و نوقمی خەیاڵی دەکات.

١- کتێبی (**٣٦ نامەو چەند کەسایەتییەکی دیوانی من**).. ئەم کتێبە بەشێکە لەو کتێبەی کە کاتی خۆی لە ساڵی ٢٠١١ بە زمانی عەرەبی بە ناوی (ذاكرة الايام) بڵاوکراوەتەوە کە بریتییە لە چەندین بابەتی نووسراو بە زمانی عەرەبی وەرگێردراون بۆ زمانی کوردی لەگەڵ دەیان بابەتی دیکە کە هەندێکیان بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە.. بابەتەکان تێکرا (٢٥)بابەتن کە چەندین کەسایەتی لە کۆچکردوو لەگەڵ دوو کەسایەتیی کورد لەوانەی لە ژیاندا ماون، دەسووڕێتەوە. دوور لە پێناسەی نەتەوەیی و بیروباوەڕی سیاسی و ئایینی. نووسەر لەم ڕووەوە دەڵێت: لەگەڵ ئەو دۆست و برا خۆشەویستانە لە بوارێك، لە بۆنەیەك، لە ڕۆژگارێك کاری لەگەڵیاندا کردووە بابەتێك کۆی کردوونەتەوە و کاریگەرییان لەسەر بیرو دەروون و زانیاری و بۆچوونی هەبووە. بەشی دووەمی کتێبەکەش بریتییە لە (٢١)نامەی جۆراوجۆری کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبی و مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس و شاعیرو هونەرمەند لە ساڵانی ڕابردوودا کە تیایاندایە لە چارەکە سەدەیەك زیاتر ئاراستەی نووسەر کراوە.


٢- کتێبی (**لەگەڵ ڕووداوەکان**).. ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵە بابەتێك کە باس لە هەندێ ڕووداوی کوردستانی و عێراقی دەکەن، کە وەك نووسەر دەڵێت: وا هەڵکەوتووە من لە جەرگەیاندا یان شایەتحاڵ بووم، یان لەگەڵ کەسایەتییەکانیاندا دواوم و گەواهییتم بە ئەمانەتەوە بۆ




مێژوو تۆمارکردووە. هەروەها ئەم بابەتانە پێش چەند ساڵێك لەژێر ناونیشانی لە یادوەرییەوە (من الذاكرة) لە ژمارەیەك لەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لە کوردستان دەردەچن بڵاوکراونەتەوە.پاشتر ژمارەیەك لەو دۆست و هاورێیانەی ئەو رووداونە جێی بایەخییانە، پێیان باش بوو ئەو بابەتانە لە کتێبێکدا کۆبکرێنەوە، بە ئومێدی ئەوەی سوود بە توێژەران و بەوانەی بایەخ بە نووسینی مێژوو دەدەن، بگەیەنێت. بۆیە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە.

**٣- کتێبی (لە هەگبەم دا)..** نووسەر لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئاماژە بەوە دەکات کە لە چاپی یەکەمیدا لە ٢٠١١ نووسینی پێشەکییەکەی بۆ نووسەرو رۆژنامەنووس قاسم محەمەد عەلی (فەخری ئەمین) بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (الصحفي) بە جێهێشتووە. کە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە دەردەچوو و تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١ خۆی سەرنووسەری بوو(تاکو ژمارە ٨٠)، هەروەها دەڵێت: سەرباری جیاوازی لە گەڵیدا لە تێڕوانینی بۆ بابەتەکانی کتێبەکە کاتێك دەنووسێت: ئەم نووسینانە وەك تۆماری دەسکەوتەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، ئەوە مێژووی زیندووی سەندیکایە کە نەك بە مەرەکەب بەڵکو لە ئاکامی نیگەرانی و ئارەقکردن و هەڵچوون نووسراوە. دواجار لە بەشێکی دیکەدا نووسەر ئاماژە بەوەدەکات کە پەڕەکانی لە هەگبەکەوە زەنگی ئاگادارکردنەوە بوون بۆ بەرپرسانی کوردستان لە ئاست و ئاراستە جیاوازەکاندا، کە ئەو ئەرکە گەورانەیان لەبیرچووە یان لەبیرکردووە کە مێشکی شەقامی کوردستانیان پێوە سەرقاڵە، هەشت بابەتی بۆ دەقی چاپی دووەمی کتێبەکە(کە بەزمانی عەرەبی بە ناوونیشانی (من حقيبتي) ساڵی ٢٠١٤ چاپ و بڵاوکراوەتەوە) زیادکردووە، کە دانانیانی بە پێویست زانیوە. لە کاتێکدا ژمارەکانی چاپی یەکەمی (من حقيبتي) تەواوبوون. ناچاربووە بیر لە دەرکردنی چاپی دووەم و تیراو تەواوتر بکاتەوە.

بەناوی گۆڤاری (گوڵان)ەوە پیرۆزبایی لە نووسەرو رۆژنامەنووسی دێرین مامۆستا فەرهاد عەونی دەکەین بۆ ئەو کتێبە دانسقەو پڕ بایەخانەی کە ئاماژەمان پێ کردن.. بە هیوای تەندروستی و تەمەن درێژی و بەرهەم و داهێنانی زیاتری بواری نووسین.





# ڤێرژنی ٢٠١٩ی سیاسەتی ئەمریکا چیتر بۆ عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ٢٠٢٠ کارناکات



**ئەگەر ئێستا سوود لە لۆژیکی پەیامەکەی سەرۆک بارزانی وەربگرن، راستە لە رووی زەمەنەوە زۆر درەنگە، بەڵام تا ئێستاش ئەو رێگە راستەیە کە جیا لەوەی عێراق لە کارەساتێکی گەورە دوور دەخاتەوە، لە هەمانکاتدا دەبێتە دەروازەیەک بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەوجۆرە رێکبخرێتەوە کە ناسنامەی دەوڵەت بە دەوڵەتی عێراق بداتەوە**

**لەناو رەتکردنەوەی ئەو سیستمە جیهانییەی کە هەر خودی ئەمریکا ناوی لێ نابوو (سیستمی نوێی جیهان) سیستمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە ئەمریکا ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ بوو سەرکردایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ دەکرد، لە روانگەی ئیدارەی ترەمپەوە پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوە و دووبارە داڕشتنەوە هەبوو**

لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١، بیرمەندان و توێژەران و رۆژنامەنووسان جیهانی سەدەی بیست و یەکەمیان بۆ جیهانی (پێش ١١ی سێپتەمبەر و جیهانی دوای ١١ی سێپتەمبەر) دابەش کرد جۆرج دەبلیو بوش سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا راشکاوانە رایگەیاند: «ئیدی جیهان دابەش بووە بۆ دۆست و دوژمن، ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت بۆ دژایەتیی تیرۆر و رووخاندنی ئیمارەتەکەی تالیبان لە ئەفغانستان، بە دوژمن لە قەڵەم دەدرێت»، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی کاردانەوەی بەشێك لە وڵاتان لە سەر پێناسەی تیرۆر دژی بۆچوونەکەی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا بوو، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، مافی بە هێزەکانی هاوپەیمانیی ئەمریکا و ناتۆ دا کە لەژێر ناوی (ئۆپەراسیۆنی ئازادیی هەمیشەیی) هێرشەکانیان لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ بۆ سەر ئەفغانستان دەست پێ بکەن و ئیمارەتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان بڕووخێنن.

رووخاندنی ئیمارەتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان لەگەڵ ئەوەی بۆ ئیدارەی یەکەمی جۆرج دەبلیو بوش لە ساڵی ٢٠٠١ سەرکەوتنێکی گەورە بوو، بەڵام غروری (بوش) بۆ دووبارەکردنەوەی هەمان سیناریۆی شەڕی ئەفغانستان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق لە ٢٠٠٣، ئەو کۆدەنگییە نێودەوڵەتییەی کۆتایی پێ هێنا کە لە ٢٠٠١ بۆ شەڕی ئەفغانستان دروست ببوو، هەر بۆیە پابەندنەبوونی ئیدارەی بوش لە ٢٠٠٣ بە کۆدەنگیی نێودەوڵتییەوە بووە سەرەتایەك بۆ لەبەریەك هەڵوەشانی ئەو سیستمە جیهانییەی کە بوشی باوك لە ساڵی ١٩٩١ ناوی لێنا «سیستمی نوێی جیهان»، وێڕای ئەوەی دوای جورج دەبلیو بوش ماوەی هەشت ساڵی دیکەش باراك ئۆباما و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و یەکێتیی ئەورووپا، زۆر هەوڵیاندا ئەو سیستمە جیهانییە (سیتمی نوێی جیهان) بگێڕنەوە شوێنی خۆی و کێشەکانی چارەسەر بکەن، بەڵام لە کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ماك ماستەری راوێژکاری پێشووی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند کە ڤێرژنی ئەو سیستمە جیهانییەی لە دوای ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە و ئەمریکا بۆ ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ هەموو هەوڵی خۆی بۆ پاراستنی ئەو سیستمە تەرخان کردووە، چیدیکە بۆ ئەمریکای دوای ساڵی ٢٠١٧ ناشێت.

لەناو رەتکردنەوەی ئەو سیستمە جیهانییەی کە هەر خودی ئەمریکا ناوی لێ نابوو (سیستمی نوێی جیهان) سیستمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە ئەمریکا ماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ بوو سەرکردایەتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ دەکرد، لە روانگەی ئیدارەی ترەمپەوە پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوە و دووبارە داڕشتنەوە هەبوو، چاودێرانی سیاسی و رۆژنامەنووسان، هەر لەگەڵ کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنی (٥+١) سەبارەت بە پڕۆگرامی ئەتۆمیی ئێران و هەروەها یەکەم سەردانی ترەمپ دوای دەستبەکاربوونی وەك سەرۆکی ئەمریکا بۆ (ریاز و تەلئەبیب) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە چیتر ئیدارەی ئەمریکا بە سیاسەتە کۆنەکە پابەند نابێت و دەیەوێت سیستم و سیاسەتێکی تازە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێژێت، بۆ سەلماندنی ئەم وەرچەرخانەش، جارید کۆشنەر زاوای ترەمپ و راوێژکاری باڵای ترەمپ بۆ داڕشتنی (سەفقەی سەدە) بۆ کێشەکانی نێوان (فەلەستین و ئیسرائیل) راشکاوانە دوای راگەیاندنی ئەم سەفقەیە و لە چەندین پانێڵ و دیداری رۆژنامەییدا رایگەیاند، لە دوای ساڵی ٢٠١٧ەوە ئیدارەی ترەمپ بەرپرسە لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نامانەوێت بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەو رووداوانەی کە لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردوو لە ناوچەکەدا روویان داوە.

دیارە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٩شەوە ئاراستەی وەرچەرخانی سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ کۆی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق و ئێران بەتایبەتی، وەرچەرخانێکی تازەی بە خۆیەوە بینینی، کە بریتی بوو لە (کاردانەوەی سەربازیی بەرامبەر هەر کردەوەیەکی سەربازی کە دەکرێتە سەر بنکەکانی لە عێراق)، هەر بۆیە وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر هێرشی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکا لە (کەی وان) لە پارێزگای کەرکووك، شەوی

٢٩ی ١٢ی ٢٠١٩، فڕۆکەکانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر کۆگای چەکەکانی لیواکانی ٤٥ و ٤٦ی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە سنووری عێراق - سووریا لە پارێزگای ئەنبار و لە ئەنجامیشدا ژمارەیەك فەرماندە و چەکداری حەشدی شەعبی کوژران و بریندار بوون.

ئەم کار و کاردانەوەی نێوان هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای ئەمریکا، قۆناخێکی ئاڵۆز و ترسناکی لە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا هێنایە ئاراوە، بەتایبەتی کە لە ڕێوڕەسمی کوژراوەکانی حەشدی شەعبی لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠ هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵیانکوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا، ئەوەشی دیمەنێکی زۆر دراماتیکی بەم وەرچەرخانە بەخشیبوو، ئەوە بوو کە تەواوی فەرماندە دیارەکانی حەشدی شەعبی لە پێشەوەی ئەو هێزە بوون، کە هەڵیاندەکوتایە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و ئاگریان تێبەردەدا، هەر بۆیە ڕووداوی هەڵکوتانە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا وەرچەرخانێکی ترسناکی گەورە بوو بۆ ئەو خاڵەی کە بواری گەڕانەوەی تێدا نەبێت، ئەمەش بەو مانایەی کە یان دەبوو ئەمریکا تەسلیمی ئەو واقیعە بێت، یان واقیعەکە بە جۆرێك بگۆڕێت کە تەواوی ناوچەکە بکەوێتە سەر لێواری هەڵدێرێکی گەورە، هەر بۆیە شەوی ٣ی ١ی ٢٠٢٠ سوپای ئەمریکا بە فڕۆکەی درۆن هێرشی کردە سەر کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران و جێگری دەستەی هێزەکانی حەشدی شەعبی و لە ئاکامدا ١٠ کەس کوژران کە لە ناویاندا (قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس)ی تێدا بوو، ئیدی بارودۆخەکە بووە بورکانێك و چاوەڕێی هەموو ئەگەرێکی خراپی لێ دەکرا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی کاربەڕێکەری حکومەتی عێراق بکەوێتە ژێر گوشارێکی گەورە و خۆی بچێتە پەرلەمان و داوای کشانەوەی تەواوی هێزە بیانییەکان لە عێراقدا بکات.

ئەم بڕیارەی پەرلەمانی عێراق و هەڕەشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە تۆڵەکردنەوە لە هێزەکانی ئەمریکا، بە هێرشی ڕۆکێتی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کۆتایی هات، بەڵام مامەڵەی سارد و نەرمی ئیدارە ترەمپ لەگەڵ ئەم هێرشە و نەبوونی کاردانەوەی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە، وەرچەرخانێکی دیکەی دروست کرد لە کۆی هاوکێشەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها هەڵوێستی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپاشی بە جۆرێکی دیکە گۆڕی.

ئەم وەرچەرخانە لە هەوڵێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر هەڵکشانی هێرشە سەربازییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا، ئێستا بارودۆخێکی دروست کردووە کە کۆی هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە دووبارە هەڵسەنگاندنەوە و دووبارە وتوویژکردن و دووبارە داڕشتنەوەی سیستمێکی تازە هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی وڵاتانی (٥+١) لەگەڵ ئێران و دووبارە سەپاندنەوەی سزای زیاتر لەسەری و جەختکردنەوەی لەسەر مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و زیادکردنی ڕۆڵی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمانە هەموو مانای ئەوەن، ڤێرژنی کۆنی سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ سیستمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی هاتووە، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەر لە ساڵی ١٩٧٩وە ئەو سیستمەی ڕەتکردۆتەوە.

## ● سیاسەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٠ بەرامبەر عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ساڵی ٢٠٢٠، ساڵی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمریکایە، هەر بۆیە سەرکەوتن و شکستێکی سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بۆ عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، فاکتەری سەرەکیی شکست و مانەوەی کۆمارییەکان و ترەمپ دەبێت لە ناو کۆشکی سپی.

دۆناڵد ترەمپ کە لە ٢٠ی ١ی ٢٠١٧ بووە سەرۆك کۆماری ئەمریکا، وێڕای ئەوەی هەموو پێشبینییەکان بەو ئاراستەیە بوون کە بە کەسایەتییەکی شەڕانگێز و بازرگان کە دوورە لە هەموو سیفەتێکی دەوڵەتمەدار، ئەمریکای سۆپەر پاوەری جیهانی بەڕێوە ناچێت و،

**وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر هێرشی هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر بنکەکانی ئەمریکا لە (کەی وان) لە پارێزگای کەرکووک، فڕۆکەکانی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر کۆگای چەکەکانی لیواکانی ٤٥ و ٤٦ی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە سنووری عێراق - سووریا لە پارێزگای ئەنبار و لە ئەنجامیشدا ژمارەیەک فەرماندە و چەکداری حەشدی شەعبی کوژران و بریندار بوون**

**دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی وڵاتانی (٥+١) لەگەڵ ئێران و دووبارە سەپاندنەوەی سزای زیاتر لەسەری و جەختکردنەوەی لەسەر مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و زیادکردنی ڕۆڵی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمانە هەموو مانای ئەوەن، ڤێرژنی کۆنی سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ سیستمە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی هاتووە**

سیاسەتەكانی ترەمپ دەبنە هۆكاری ئەوەی لە هەموو رووپەكەوە شكۆی ئەمریكا بێتە خوارەوە، بەڵام ترەمپ لە ماوەی نزیكەی ٣٦ مانگی ئیدارەكەیدا توانی ئەمریكا لە شەڕ دوور بخاتەوە، هەروەها توانی پەنجەرەیەكیش بۆ دانوستاندن لەگەڵ كۆریای باكوور بكاتەوە، كە بە گەورەترین و مەترسیدارترین هەڕەشە بۆ ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی دادەنران، لەمەش زیاتر دوای ئەوەی لە رێككەوتنی (٥+١) هاتە دەرەوە و سزاكانی دووبارە خستەوە سەر تاران، بۆ ئەمەش وێڕای كاردانەوەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێران بە رێگەی میلیشیا هاوپەیمانەكانی سوپای پاسداران لە (عێراق، سووریا، لوبنان، یەمەن) راستەوخۆ بۆ سەر بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی، بەڵام ترەمپ كاردانەوەیەكی پیشان نەدا كە بارودۆخەكە زیاتر هەڵبكشێت، بە پێچەوانەوە بێدەنگیی ئەمریكا وای كرد، میلیشیا چەكدارەكانی هاوپەیمانی سوپای پاسداران هەڕەشەی زیاتر بكەن و گورزی سەربازیی زیاتر لە بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی بوەشێنن، بەڵام ئەم سیاسەتە لە كۆتایی ساڵی ٢٠١٩ نەك هەر گۆڕانكاریی بەسەردا هات، بەڵكو لە جێگەی ئەو سیاسەتە كۆنە سیاسەتێكی تازەی خستەڕوو كە زۆر بە توندی پێش ئەوەی نەیارەكانی بترسێنێت، پارتی كۆمارییەكانی ئەمریكای بە رادەیەك تۆقاند، كە ناچار بوون بە رێگەی زۆرینەی



پەرلەمانی لە ناو کۆنگرێس پڕۆژە یاسایەك ئامادە بکەن، بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆك بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران سنووردار بکات.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لە پەرچەکردارەکانی پارتی دیموکراتی ئەمریکا بدەین، کە بۆ ئەوانیش ئەم سیاسەتەی ترەمپ بۆساڵی ٢٠٢٠، سیاسەتێکی یەکلاکەرەوەیە و ئەگەر ترەمپ لەم ئاراستەیە سەرکەوتوو بێت، ئەوا پارتی دیموکراتی بەشداریی هەڵبژاردنێك دەبێت کە پێشوەختە ئاکامەکەی بۆ بەرژەوەندیی ترەمپ و پارتی کۆمارییەکان ئاشکرایە، بەمەش دەبێتە یەکەمین جار لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی ئەمریکادا، کە ئاکامی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندیی پارتێك دژی پارتەکەی دیکە ئاشکرا بێت.

ئەوانەی شارەزا و چاودێرن لەسەر ساڵی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکی ئەمریکا، ئاگاداری ئەوەن کە لە دەستپێکی ساڵەوە تا یەکەمین سێ شەمەی مانگی نۆڤەمبەر کە رۆژی دەنگدانی گەلی ئەمریکایە، پارتی فەرمانڕاوە سیاسەتی دەرەوەی سڕ دەکات و زیاتر جەخت لەسەر سیاسەتی ناوخۆ دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆتە جێگەی سەرنج لەسەر ئیدارەی ترەمپ، ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ دەستپێکی ساڵدا، سیاسەتی دەرەوەی ئەکتیڤ دەکات و سیاسەتی



**ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆتە جێگەی سەرنج لەسەر ئیدارەی ترەمپ، ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ دەستپێکی ساڵدا، سیاسەتی دەرەوەی ئەکتیڤ دەکات و سیاسەتی ناوخۆی سڕ دەکات**

ناوخۆی سڕ دەکات، ئەمەش بەو مانایەی کە پارتی کۆماری بۆ دوورخستنەوەی ترەمپ و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی لە کۆنگرێس دەیکەن، شەخسی ترەمپ بە ئاراستەیەکی زۆر پێچەوانە هەنگاو هەڵدەگرێت، لەمەش زیاتر جارێکی دیکە لەو چوارچێوە تازەیەی کە لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا دایڕشتۆتەوە، جارێکی دیکە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی ناتۆ بەهێزتر دەکاتەوە.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا دۆناڵد ترەمپ بۆچی لە ساڵی هەڵبژاردندا، سیاسەتی دەرەوە ئەکتیڤ دەکاتەوە و هەوڵ دەدات سیاسەتی ناوخۆ تا رادەیەك سڕ بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە دوو ئاراستە دەدرێتەوە:

یەکەمیان: دیموکراتەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دروستبوونی هەلێکی کاری زۆر و رێگرتن لە پەنابەران کە خواستی بەشێکی زۆری ئەمریکایە، هیچ وەڵامێکیان بۆ گەلی ئەمریکا و سەرکەوتنەکانی ئیدارەی ترەمپ پێ نییە، بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆ کەوتنە هەڵمەتی ئەوەی کە ترەمپ پێشێلی دەستووری ئەمریکای کردووە و دەسەڵاتەکانی خۆی وەك سەرۆك بەرامبەر بەهێزترین کاندیدی دیموکراتەکان خراپ بەکارهێناوە کە ئەویش (جوزیف بایدن)ە، کە هەوڵیداوە لە رێگەی حکومەتی ئۆکرانیاوە دۆسیەی گەندەڵیی لەسەر بکاتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی هەموو هەوڵێکیان بە پشتبەستن بە زۆرینەی دیموکراتەکان لە کۆنگرێس بەست، بۆ ئەوەی ترەمپ دادگایی بکرێت و پێش ئەوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی تەواو بکات لە سەرۆکایەتی دووربخرێتەوە، بەڵام هەنگاوەکەیان سەرکەوتوو نەبوو.

**دیموکراتەکان لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دروستبوونی هەلێکی کاری زۆر و رێگرتن لە پەنابەران کە خواستی بەشێکی زۆری ئەمریکایە، هیچ وەڵامێکیان بۆ گەلی ئەمریکا و سەرکەوتنەکانی ئیدارە ترەمپ پێ نییە**

دووەمیان: ترەمپ و کۆمارییەکان هەر لە سەرەتای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٦ ـەوە ئەوەیان راگەیاندووە کە چیتر ئەمریکا نە دەوڵەت دەرووخێنێت نە هیچ دەوڵەتێك بونیاد دەنێتەوە، ئەم سیاسەتە کە لە ماوەی ٣٦ مانگی رابردوو لەلایەن ترەمپەوە زۆر بە وردی جێبەجێ کراوە، بووە هۆکاری ئەوەی کێشەکانی جیهان بە گشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی زیاتر بێ چارەسەر بمێننەوە، کە بووە کارتێکی بەهێز بە دەست دیموکراتەکانەوە بۆ ئەوەی بە رێگەی شکستی سیاسەتی دەرەوە بێنە ناو هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و لە هەڵبژاردنەکاندا بەکاری بهێنن، بەڵام کاتێك ترەمپ لەگەڵ دەستپێکی ساڵی نوێ سیاسەتێکی تازەی گرتەبەر، نەك هەموو جیهان بەڵکو پێش هەمووان پارتی کۆمارییەکانی دوچاری شۆك و سەرسوڕمانێکی گەورە کرد، لەسەرووی هەمووشیانەوە هەردوو سەرکردەی گەورەی پارتی دیموکراتی کە بریتی بوون لە (نانسی بیلۆسیی سەرۆکی ئێستای کۆنگرێس و جۆزیف بایدن کاندیدی چاوەڕوانکراوی دیموکراتەکان) بۆ سەرۆکایەتیی داهاتووی ئەمریکا، ئەم شۆك و سەرسوڕمانە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە جۆزیف بایدن بڵێت، ترەمپ فتیلەی خستە ناو بارودەکە و هەڵیگیرساند، ئەمەش بەو مانایەی ئاگری شەڕێکی ئەوتۆ دەکەوێتەوە کە کوژاندنەوەی مەحاڵ بێت، هەروەها گەیشتە ئەو ئاستەی کە نانسی بیلۆسی بڵێت، ترەمپ ئەمریکای گەیاندە (خاڵی نەگەڕانەوە) ئەمەش بەو مانایەی ترەمپ ئەمریکای دووچاری کارەساتێکی هێندە گەورە کردووە، کە بواری ئەوەی تیا نەماوە جارێکی دیکە ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵەی کە شکۆی خۆی وەك سۆپەر پاوەرێکی جیهانی تێدا نمایش دەکرد. بەڵام ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستەکانی ترەمپ و ستافەکەی بدەین لە ماوەی کەمتر لە یەك هەفتەدا و جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە چۆن هەموو پێشبینییەکانی پێچەوانە کردۆتەوە، ئەوە دەگەینە ئەم دەرەنجامەی کە بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ بکەین:

**لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا و دوای هەڵکشانی ئاڵۆزییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، جارێکی دیکە ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆ گەیشتنە ئەو رێککەوتنەی کە رۆڵی ناتۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر بکرێت و ئەمریکاش پەیمانی داوە لە دابینکردنی خەرجییەکاندا بەشدارییەکی گەورە بکات و رەزیلی نەکات**

١. لەگەڵ ئەوەی لە رۆژانی ٣-٨ی ١ی ٢٠٢٠، هەموو تویت و لێدوانەکانی ترەمپ بە ئاراستەی هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە و جیهانی بوون لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام کاتێك سوپای پاسداران لە شەوی ٨ لەسەر ٩ی ١ی ٢٠٢٠ هێرشی کردە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، ترەمپ بە یەك تویت هەموو جیهانی ئارام کردەوە و، مەترسیی شەڕێکی گەورەی دوورخستەوە و بۆ رۆژی دواتریش کە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی چەند

خولەکیی ئەنجام دا، جارێکی دیکە ئەگەری شەڕێکی دیکەی دوورخستەوە، لە هەمانکاتدا سکێچەکانی سیاسەتێکی تازەشی بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی مامەڵەی لەگەڵ ئێران و عێراق خستەڕوو.

٢. لەگەڵ ئەوەی لە ڕۆژی ٥ی ١ی ٢٠٢٠، پەرلەمانی عێراق بڕیاری دا کە داوا لە حکومەتی عێراق بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بە بوونی هێزە بیانییەکان بەگشتی و هێزەکانی ئەمریکا بەتایبەتی لە عێراقدا بهێنێت، هەروەها وێڕای ئەوەی سەرۆك وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق بانگهێشتی باڵیۆزی ئەمریکای لە بەغدا کرد بۆ ئەوەی بە فەرمی پێی رابگەیەنێت کە پێویستە ئەمریکا هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، بۆ ئەمەش وێڕای ئەوەی لە ڕۆژانی ٥-٩ی ١ی ٢٠٢٠، تویت و لێدوانەکانی ترەمپ بەرامبەر عێراق هەڕەشەئامێز بوون بەو ئاراستەیەی کە ئەمریکا سزایەکی زۆر گەورە و توند دەخاتە سەر حکومەتی عێراق، بەڵام هەر لە دوای ڕۆژی ٩ی ١ی ٢٠٢٠، دەبینین سیاسەتێکی نەرم بەرامبەر حکومەتی عێراق پیادە دەکات و لە ڕۆژی ١٠ی ١ی ٢٠٢٠، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا رایگەیاند، عێراق هەر هاوپەیمانی ئەمریکایە و هێزەکانیشیان هەر لە عێراقدا دەمێننەوە و لەسەر ئاستی ئابووری و دارایی و ئاسایش و دیپلۆماتی پەیوەندییەکان بەهێزتر دەکەنەوە.

٣. لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی ٣٦ مانگی رابردوودا پەیوەندیی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتانی ناتۆ جۆرێك لە دوڕدوونگی و بێ متمانەیی تێ کەوتبوو، ئەمەش لەو روانگەیەوە کە چیتر نابێت ئەو وڵاتانە بە پارەی ئەمریکا بپارێزرێن، بەڵام لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا و دوای هەڵکشانی ئاڵۆزییەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، جارێکی دیکە ئەمریکا و دەوڵەتانی ناتۆ گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی کە ڕۆڵی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر بکرێت و ئەمریکاش پەیمانی داوە لە دابینکردنی خەرجییەکاندا بەشدارییەکی گەورە بکات و ڕەزیلی نەکات.

ئەگەر وەك چاودێرێکی سیاسی زیاتر هەڵوەستە لەسەر ئەم وەرچەرخانە بکەین، دەبینین، ئەم ڤێرژنە تازەیەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بارودۆخێکی تازەی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا دروست کردووە، ئەم بارودۆخە تازەیەش بەو جۆرەیە کە حەسەن ڕۆحانی (سەرۆك کۆماری ئێران) لە هەفتەی رابردوو و دوای هێرشەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق، بڵێت: «ئێران هیچ هێزێکی بەوەکالەتی نییە، لەمەش زیاتر حەسەن ڕۆحانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ دەبێت هێزی بەوەکالەتی ئێران بن کە ئێستا ئەو هێزانە بە یاسا بەشێکن لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و لە ناو حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا بەشدارن و ڕۆڵیان هەیە؟ هەروەها بۆچی دەبێت حزبوڵای لوبنانی هێزێکی بەوەکالەتی ئێران بن، لە کاتێکدا خۆیان بەشێکن لە دەوڵەت و حکومەتی لوبنان، بە هەمان شێوە سەبارەت بە لیواکانی فاتیمە و زەینەب لە سووریا و حوسییەکانیش لە یەمەن.

ئەم گوتارەی ڕۆحانی سەرۆك کۆماری ئێران، ئاماژەیە بۆ مامەڵەیەکی نوێی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکادا وەك دەوڵەت، بە دیوێکی دیکەدا وەڵامدانەوەی ئەو قسەیەی کیسنجەرە کە بەم ساڵانەی دوایی گوتی: «دەبێت ئێران خۆی یەکلایی بکاتەوە، بەوەی ئایا وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، یان وەك شۆڕش کە دەیەوێت هەناردەی دەرەوەی بکات..»

ئەم وەرچەرخانانەی کە لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتنەئاراوە، بۆ هیچ لایەك ئاماژەی سەرکەوتن و شکست نین، بەڵام بۆ هەموو لایەك ئاماژەیە بۆ خۆئامادەکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتێکی تازە.

## ● عێراقی ساڵی ٢٠٢٠ و مامەڵەی لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانان

عێراق وەك دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی، ڕۆڵێکی لاوازی لە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەتی عێراقدا بەرجەستە کردووە و ئەوەی هەتا ئێستا سیاسەت و ستراتیژیی ئەم دەوڵەتە

**ئەم وەرچەرخانانەی کە لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا لەسەر ئاستی سیاسەتی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتنەئاراوە، بۆ هیچ لایەک ئاماژەی سەرکەوتن و شکست نین، بەڵام بۆ هەموو لایەک ئاماژەیە بۆ خۆئامادەکردن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتێکی تازە**

**عێراق وەک دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی، ڕۆڵێکی لاوازی لە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەتی عێراقدا بەرجەستە کردووە و ئەوەی هەتا ئێستا سیاسەت و ستراتیژیی ئەم دەوڵەتە و دامەزراوەکانی ئاراستە کردووە، هێزەکانی حەشدی شەعبین**

**ئەگەر بیانەوێت چوارچێوەی عەقیدەیی خۆیان بکەن بە مەتبەخی دروستکردن و داڕشتنی ئەو سیاسەت و ستراتیژەی کە ناسنامەی دەوڵەت لە عێراق دابماڵن و وەک هێزێکی میلیشیایی مامەڵە لەگەڵ کۆی دەوڵەتانی ناوچەکەدا بکەن، ئەوا ئەمە نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە ئەمریکاش قبووڵی ناکەن و بایکۆتی عێراق دەکەن**



خەریکە ئەو قەناعەتە لای هێزە سەرەکییەکانی شیعەی عێراق و هەروەها مەرجەعییەتی نەجەفیش دروست دەبێت، کە دەبێت بە شێوەیەکی ئارام و دانبەخۆداگرتن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە بکرێت، لەبەر ئەوەیبچووکترین هەڵە ئاراستەی دەوڵەتی عێراق بەگشتی و حوکمڕانیی شیعە بەتایبەتی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات

و دامەزراوەکانی ئاراستە کردووە، هێزەکانی حەشدی شەعبین.

لە ئێستادا کێشەکە ئەوە نییە هێزەکانی حەشدی شەعبی و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانیان چۆن ئاراستەی سیاسەت و ستراتیژییەتی دەوڵەتێك بە ناوی عێراق دادەڕێژن، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئایا ئەم سیاسەت و ستراتیژە تایبەت دەبێت بە وێناکردنی عێراق لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، یان تایبەت دەبێت بە وێناکردنی عێراق وەك دەوڵەتێك کە بیەوێت هەناردەی شۆڕش بۆ دەرەوە بکات.

لە حاڵەتی یەکەمدا ئەگەر هێزەکانی حەشدی شەعبی و فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانیان بیانەوێت چوارچێوەی عەقیدیی خۆیان بکەنە مەتبەخی دروستکردنی سیاسەت و ستراتیژیان بۆ دەوڵەتی عێراق و لە چوارچێوەی ئەم سیاسەت و ستراتیژە مامەڵە لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بکەن، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە، ئەوا نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بایکۆتی دەوڵەتی عێراق دەکات و نە دەوڵەتی عێراقیش بایکۆتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، بەڵام ئەگەر بیانەوێت چوارچێوەی عەقیدەیی خۆیان بکەن بە مەتبەخی دروستکردن و داڕشتنی ئەو سیاسەت و ستراتیژەی کە ناسنامەی دەوڵەت لە عێراق دابماڵن و وەك هێزێکی میلیشیایی مامەڵە لەگەڵ کۆی دەوڵەتانی ناوچەکەدا بکەن، ئەوا ئەمە نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە ئەمریکاش قبووڵی ناکەن و بایکۆتی عێراق دەکەن، لەبەر ئەوەی ناسنامەی ئەو دەوڵەتە هاوچەرخەی لێ دادەماڵدرێت کە پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت.

بە هەرحاڵ وەك لە شێوازی مامەڵەی دەوڵەت و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراقدا لە چەند ڕۆژی ڕابردووەوە تێبینیی دەکەین، بەتایبەتی هەڵوێستی حکومەت و سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق بەرامبەر بە هێرشەکانی سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، هەروەها دروستبوونەوەی جۆرێك پەیوەندیی تەلەفۆنیی دیپلۆماتی لە نێوان وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆك وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق و نەرمبوونی هەڵوێستی حکومەتی عێراق سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، لەمەش گرنگتر نەبوونی کاردانەوە دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبی، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕووی عەقیدییەوە پابەندی سیستمی ولایەتی فەقیهن، ئەوا ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە عێراقیش نەیەوێت زیاتر بارودۆخەکە هەڵبکشێت و بکەوێتە بارودۆخێکەوە کە لەسەر



ئاستی جیهان وەك دەوڵەت بایکۆت بکرێت.

حکومەتی ئێستای عێراق جیا لەوەی ئێستا حکومەتێکی کاربەڕێکەرە، لە هەمانکاتدا پرۆسەی سیاسیش تێیدا لە بارودۆخێکی هێندە ئاڵۆزدایە کە ناتوانرێت پرۆسە سیاسییەکە وەك پێویست ڕێکبخرێتەوە، لە بەرامبەریشدا هەڕەشەی دووبارە سەرهەڵدانەوە و خۆڕێکخستنەوەی تیرۆریستانی داعشیش بۆتە مەترسییەکی گەورەتر بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری لە شارەکانی دیکەی عێراقدا (بێجگە لە هەرێمی کوردستان) هەر بۆیە لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا خەریکە ئەو قەناعەتە لای هێزە سەرەکییەکانی شیعەی عێراق و هەروەها مەرجەعییەتی نەجەفیش دروست دەبێت، کە دەبێت بە شێوەیەکی ئارام و دانبەخۆداگرتن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیە بکرێت، لەبەر ئەوەی بچووکترین هەڵە ئاراستەی دەوڵەتی عێراق بەگشتی و حوکمڕانیی شیعە بەتایبەتی بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبات.

لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا تا ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ و ئەرێنیی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە گێڕاوە، لەمەشدا وێڕای ئەوەی هێشتا بە تەواوەتی هەڵچوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی دانەمرکاوەتەوە، بەڵام خەریکە لەم راستەشەوە لەو راستییە تێدەگەن، کە ئاراستە بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی دەوڵەتداری لە عێراقدا لەو پەیامەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرۆك مسعود بارزانی بۆ تەواوی گەلانی عێراقی رایگەیاند و لەسەر ئاستی سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستانیش هەوڵێکی جددی دراوە کە ئەم پەیامەی سەرۆك مسعود بارزانی لە ناو سیاسەت و هەڵوێستی هەرێمی کوردستاندا بەرامبەر کۆی کێشەکان بەگشتی و کێشەکانی عێراق بەتایبەتی رەنگدانەوەی ئەرێنی هەبێت و، سەردانی رۆژی شەمەی رابردووی د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عێراق بە یاوەری شاندێکی باڵا بۆ هەرێمی کوردستانیش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پەیامەکەی سەرۆك مسعود بارزانی، کە ئەمەش هەمان ئەو پەیامەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە لەندەن پێی راگەیاندن، بەڵام سوودیان لێ وەرنەگرت، بۆیە ئەگەر ئێستا سوود لە لۆژیکی پەیامەکەی سەرۆك بارزانی وەربگرن، راستە لە رووی زەمەنەوە زۆر درەنگە، بەڵام تا ئێستاش ئەو ڕێگە راستەیە کە جیا لەوەی عێراق لە کارەساتێکی گەورە دوور دەخاتەوە، لە هەمانکاتدا دەبێتە دەروازەیەك بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق بەوجۆرە ڕێکبخرێتەوە کە ناسنامەی دەوڵەت بە دەوڵەتی عێراق بداتەوە.

**لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا تا ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگ و ئەرێنیی بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە گێڕاوە، لەمەشدا وێڕای ئەوەی هێشتا بە تەواوەتی هەڵچوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی دانەمرکاوەتەوە، بەڵام خەریکە لەم راستەشەوە لەو راستییە تێدەگەن، کە ئاراستە بۆ راستکردنەوەی پرۆسەی دەوڵەتداری لە عێراقدا لەو پەیامەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرۆك مسعود بارزانی بۆ تەواوی گەلانی عێراقی رایگەیاند**



## بابەکر زێباری

سوپاسالاری پێشووی سوپای عێراق بۆ گوڵان:

# عێراق لە رووی سەربازییەوە لە بارێکی پشێویدایە و بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا زۆر هەڵە بوو

**هەروەك ئاشكرایە لە ئێستادا عێراق لە بارودۆخێكی ناڵەباردایە و كەوتۆتە ژێری كاریگەریی ململانێكانی نێوان ئەمریكا و ئێرانەوە، بڕیارەكەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بۆ دەركردنی هێزەكانی ئەمریكا مەترسیی ئەوە دروست دەكات كە سیناریۆی ساڵی ٢٠١١ی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا و دواتر سەرهەڵدانی داعش بێتەوەئارا، بۆ قسەكردن لەسەر كاریگەری و دەرهاویشتەكانی ئەم بڕیارە و چەند پرسێكی دیكەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵ بابەكر زێباری سوپاسالاری پێشووی سوپای عێراق ئەنجام دا.**

*** لە ساڵی ٢٠١١ و لە كاتی كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق، ئەو كات كە سوپاسالاری عێراق بوویت، ئاماژەت بەوە كرد كە عێراق هەتا ١٠ ساڵی دیكەش پێویستی بە مانەوەی هێزەكانی ئەمریكا هەیە، ئەوە بوو پێشبینیەكانت ڕاست بوون و دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا داعش خەلافەتی ڕاگەیاند، ئێستا جارێكی دیكە پەرلەمانی عێراق لە بڕیارێكدا داوا لە حكومەت دەكات هێزەكانی ئەمریكا لە عێراق بچنە دەرەوە، ئایا چۆن سەیری ئەم بڕیارە دەكەیت و دەرهاویشتە خراپەكانی ئەم بڕیارەی پەرلەمان چین؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە بڕیارێكی زۆر هەڵە بوو، هاوشێوەی ساڵی ٢٠١١ كە هێزەكانی ئەمریكا كشانەوە لە كاتێكدا هێشتا سوپای عێراق نۆ ساڵی مابوو لە ڕووی ئامادەكاری و ڕاهێنان و پڕچەككردن و مەشقەوە و هێشتا پێداویستییەكانی تەواو نەكرابوو، ئەوە بوو هاوپەیمانان چەندین ملیار دۆلاریان لەو سوپایەدا خەرج كردو دواتر جێیان هێشت، سەرەنجامەكەش ئەوە بوو كە بە هاتنی داعش ئەو سوپایە بە یەكجاری لەبەریەك هەڵوەشایەوە، واتە چوار فیرقەی سوپا بە تێكڕا و بە چەكەوە لە ناوچوون، ئێستاش سوپای عێراق سوپایەكی لەبەریەك هەڵوەشاوەیە، چونكە گورزی زۆری بەركەوتووە و تەنانەت لە ڕووی ژمارەشەوە كێشەی هەیە، دەبوو هەر فەوجێك ٧٥٠ كەس بێت، كەچی نەبۆتە ٢٠٠ كەس، لە هەمان كاتدا دروستبوونی حەشدیش كاریگەرییەكی زۆر نەرێنیی لە سەر سوپا دروست كردووە، هەم لە ڕووی مەعنەوی و هەم لە ڕووی سەربازییشەوە، هێزەكانی حەشدی شەعبی لە نێو خۆیاندا یەك نین، هەروەها لەگەڵ سوپا و لەگەڵ پۆلیسی فیدراڵییش یەك نین، واتە هەموو ئەم هێزانە لەگەڵ یەكدی جیاوازن، ڕەنگە بتوانین بڵێین كە فەرماندەیی و كۆنترۆڵكردن لە ئارادا نەماوە. ئەمە لە ڕوانگە سەربازییەكەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە لایەنە ئابوورییەكەوە ئەوا ئەگەر بێت و ئەمریكا ئابڵۆقە لەسەر عێراق دابنێت، ئەوا ئەم وڵاتە ناتوانێت بەرگەی ئەم ئابڵۆقەیە بگرێت، چونكە عێراق لەپاش ئەو ئابڵۆقە ئابوورییەی لە سەردەمی ڕژێمی سەدام لەسەری بوو، جارێكی دیكە ئەو توانا و ئیمكانیاتەی نییە كە بتوانێت ڕووبەڕووی ئابڵۆقەیەكی دیكەی ئابووری ببێتەوە. لایەنێكی دیكە پەیوەستە بەوەی عێراق ببێتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێ كە ئەمە دەرئەنجامێكی زۆر نەخوازراوە. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم كە ئەوانەی بڕیاری دەركردنی هێزەكانی ئەمریكایان دا، دەسەڵاتیان لە دەستی خۆیاندا نەبووە و ئاراستەكراو بوون.

**ئەوانەی بڕیاری دەركردنی هێزەكانی ئەمریكایان دا، دەسەڵاتیان لە دەستی خۆیاندا نەبووە و ئاراستەكراو بوون**

*** هێشتا مەترسیی تیرۆریستانی داعش تەواو نەبووە و ئێستا خەریكی خۆڕێكخستنەوەن، ئایا ئەگەر ئەمریكا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی دژی داعش هاوكاری عێراق نەكەن، مەزندەتان بۆ مەترسییەكانی سەرهەڵدانەوەی داعش چۆن دەبێت؟**

- بێگومان هەموو كات تیرۆریستان لەو ناوچە و شوێنانە سەرهەڵدەدەن كە سەقامگیری و ئەمنییەتی نەبێت و لە بارودۆخێكی خراپ و شپرزەدا بێت، ئێمە دەزانین كە داعش لەناو نەچووە، واتە ڕاستە تیرۆریستانی داعش چەندین شار و ناوچەیان لە دەستدا بوو و سەركردە و

**پێشتر زۆربەی داعشەكان بیانی بوون، بەڵام ئێستا عێراقین و دەتوانن خۆیان بپارێزن و بە ڕۆژ كاری خۆیان بكەن و لە شەویشدا ببنەوە داعش و كەسیش نەیانناسێت**

**هەرێمی کوردستان زۆر مەترسیی داعشی لەسەر نییە، چونکە داعش هەرچی بکات، توانا و هێزی لەو ئاستەدا نییە، ئەمەش بەتایبەتی بە هۆی ئەو هێڵی بەرگرییەی هێزی پێشمەرگە کە لە سنوورەکاندا هەمانە**

**تا ئێستا ئێمە وەک هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانان پەیوەندی و هەماهەنگیی باشمان هەیە**

**ئەوەی ترەمپ دەیڵێت کە ئەگەر هێزەکانمان لە عێراق دەرچوون، دەبێت حکومەتی عێراقی یەک تریلیۆن دۆلارمان پێ بداتەوە، مانای ئەوەیە کە ئەمریکا لە عێراق ناکشێتەوە، چونکە یەک تریلۆن دۆلار بودجەی ١٢ ساڵی عێراق دەکات**

**چۆن دەبێت هێزێک سەر بە سیستمی بەرگریی وڵاتەکە بێت و بچێت لە وڵاتەکەی خۆیدا هێرش بکاتە سەر باڵیۆزخانەی وڵاتێک؟**

شوێنی راهێنان و مەشق و حەوانەویان هەبوو، ئێستا ئەوانەیان لەدەستچووە، بەڵام داعش ئێستا بە شێوەی پارتیزانی شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانان و عێراق دەکات، پێشتر زۆربەی داعشەکان بیانی بوون، بەڵام ئێستا عێراقین و دەتوانن خۆیان بپارێزن و بە رۆژ کاری خۆیان بکەن و لە شەویشدا ببنەوە داعش و کەسیش نەیانناسێت، ئەمەش مەترسییەکی زۆر گەورەیە، لە لایەکی دیکەوە ئەو داعشانەی خۆیان حەشار دابوو، دێنەوە و ئێستا لە ناوچەی شنگال هەن و مەزنترین مەترسی لەوێ دروست بووە.

*** بێگومان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ و پاشانیش سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی ٢٠١٤، کاریگەری لە سەر کوردستانیش هەبوو، کەوتینە شەڕێکی گەورە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و قوربانییەکی زۆر گەورەشمان دا، بە بۆچوونی ئێوە ئایا دەبێت هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکات و تاچەند دەتوانێت کار لەگەڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بکات، بۆ ئەوەی کوردستان سەلامەت و پارێزراو بێت؟**

- هەرێمی کوردستان ئێستا زۆر مەترسیی داعشی لەسەر نییە، چونکە داعش هەرچی بکات، توانا و هێزی لەو ئاستەدا نییە، ئەمەش بەتایبەتی بە هۆی ئەو هێڵی بەرگرییەی هێزی پێشمەرگە کە لە سنوورەکاندا هەمانە، بەڵام لێرە و لەوێ دەتوانن هەندێ کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەی بۆمبێك، یان کردەی خۆکوژی ئەنجام بدەن. بۆ وەڵامی پرسیارەکەشتان کە هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکات، من پێم وایە هەرێمی کوردستان بە نەرمی دەستی بە جووڵە کردووە، ئەوە بوو پەیامی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر روون و راشکاو بوو، هەروەها پەیامی سەرۆکی هەرێم زۆر نەرم بوو، ئێمە دەزانین کوردستان نە دژی ئێرانە و نە دژی ئەمریکایە و ئێمە دۆستی هەردووکیانین، بەڵام رەنگە کێشەکە ئەوە بێت کە لایەنێك قبوڵی نەبێت ئێمە دۆستی لایەنەکەی دیکە بین، بەڵکو دەیەوێت دۆستی ئەو بین و دوژمنی لایەنەکەی دیکە بین، ئەمەش کار و داوایەکی خراپە. لەلایەکی دیکەوە تا ئێستا ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانان پەیوەندی و هەماهەنگیی باشمان هەیە، هاوپەیمانان بنکەیان لە هەولێر و چەندین شوێنی دیکە هەیە و کونسوڵگەریی ئەمریکا و چەندین وڵاتی دیکە لە هەولێر و هەرێمی کوردستانن، بینیمان کاتێك پرسە بۆ قاسم سولەیمانی دانرا، هەموو سەرکردەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەت لەگەڵیان بەشدار بوون و هاوخەمی و پەیامیان هەبوو. بەگشتی وەك هەرێمی کوردستان ئێمە نەچووینەتە ناو ئەو کێشە و گرژی و ململانێیانەوە.

*** کاردانەوەی سەرۆکی ئەمریکا لەسەر بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق، جیا لەوەی هەڕەشەی ئەوە دەکات گەمارۆیەکی توند بخاتە سەر عێراق، لە هەمانکاتدا داوای وەرگرتنەوەی ئەو پارانەش دەکات کە لە بنکە سەربازییەکانی عێراق سەرفی کردووە و وەك خۆی ئاماژەی پێ دەکات بە ملیاران دۆلارە، ئایا لەم کاتەدا حکومەتی عێراق دەتوانێت خۆی بخاتە ژێر باری ئەو هەموو پارەیە؟**

- ئەوەی ترەمپ دەیڵێت کە ئەگەر هێزەکانمان لە عێراق دەرچوون، دەبێت حکومەتی عێراقی یەك تریلیۆن دۆلارمان پێ بداتەوە، مانای ئەوەیە کە ئەمریکا لە عێراق ناکشێتەوە، چونکە یەك تریلۆن دۆلار بودجەی ١٢ ساڵی عێراق دەکات، ئەگەر هیچی لێ نەخوات و خەرج نەکات، عێراق ناتوانێت ئەو بڕە پارە زۆرە بە ئەمریکا بدات، بۆیە ئەو داوایەی ئەمریکا و ترەمپ تەنیا بیانووە بۆ نەکشانەوەی هێزەکانیان لە عێراقدا، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر عێراق ئەو پارەیەش بە ئەمریکا نەدات و تەنیا ئابلۆقەی ئابووری بخرێتە سەر، ئەوە ناتوانێت بەرگەی بگرێت.

*** لە ساڵی ٢٠١١ سوپا و پۆلیسی فیدڕاڵی و دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراق، زۆر لە ئێستا بەهێزتر و پڕچەکتر بوون، بەڵام وەك بینمان بە یەك دوو ساڵ هەمووی لەبەر یەك هەڵوەشان، لە ئێستادا سوپا و پۆلیسی فیدڕاڵی و دامەزراوە ئەمنییەکانی عێراق زۆر لاوازن، هێزی سەرەکی گرووپەکانی حەشدی شەعبین، وەك فەرماندەیەکی سەربازیی شارەزا، ئەمجارە خوێندنەوەتان بۆ عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چۆن دەبێت؟**



- پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بارودۆخی عێراق زۆر خراپ دەبێت، لە لایەکی دیکەوە حەشد ئەو هێزە نییە کە ڕێکخراو بێت و مەشقی تەواوی کردبێت و شارەزا بێت، بەڵکو پێکهاتەی سەربازیی تازەن و ئەزموونیان زۆر کەمە، حەشدی شەعبی لە نێوان خۆیاندا ناکۆک و ناتەبان و پێنج شەش گرووپن و سەرکردەیەکی یەکگرتوویان نییە، دواتر چۆن دەبێت هێزێك سەر بە سیستمی بەرگریی وڵاتەکە بێت و بچێت لە وڵاتەکەی خۆیدا هێرش بکاتە سەر باڵیۆزخانەی وڵاتێك؟ لە بەر ئەوە پێم وایە پشێوییەکی زۆر هەیە لەم ڕووەوە.

*** ئاشکرایە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکانی هاوپەیمانی کوردستان بەشداریی ئەو دانیشتنە نائاساییەی پەرلەمانی عێراقیان نەکرد کە ئەو بڕیارەی تێدا درا، ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دووربینانە سەیری باردۆخەکەی کردووە و زانیویەتی هەمان سیناریۆکانی ٢٠١١ دووبارە دەبنەوە، ئایا تاچەند ئەم هەڵوێستەی هاوپەیمانیی کوردستان خزمەتی سەقامگیریی کوردستان دەکات؟**

- ئەم هەڵوێستەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا کە بەشداریی دانیشتنەکەی پەرلەمانی بەغدایان نەکرد، بۆ دەرکردن و پەسندکردنی پرۆژە یاسایەك بۆ دەرکردنی هێزی ئەمریکا لە عێراق، نەك تەنیا خزمەت بە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵکو خزمەت بە سەقامگیریی عێراقیش دەکات و عێراق لە کێشە و بەڵایەکی گەورە دەپارێزیت و هۆشدارییەکە بۆ سیاسەتمەدارەکانی عێراق کە هیچیان سیاسەتمەدار نین، ئەگەرنا هەرگیز بڕیاری وا دەرناکەن. بەڵام ئەگەر حوکمڕانانی عێراق بە قسەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بکەن، تووشی دۆخی خراپ و ناخۆش و نالەبار نابن، بێگومان هەر کار و بڕیارێکی خراپیش کە تووشی عێراق بێت، کاریگەریی خراپی لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت.

**ئەگەر حوکمڕانانی عێراق بە قسەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بکەن، تووشی دۆخی خراپ و ناخۆش و نالەبار نابن**

**هێزەکانی حەشدی شەعبی لە نێو خۆیاندا لەگەڵ سوپا و لەگەڵ پۆلیسی فیدڕاڵییش تەبا نین، هەموو ئەو هێزانە لەگەڵ یەکدی جیاوازن، ئەوەش واتا فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردن لە ئارادا نەماوە**

دکتۆر بەشیر حەداد

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# پێویستە دووبارە نەخشە سیاسییەکان لە عێراقدا دابڕێژرێنەوە

هەڵوێستی یەکدەنگی و گرنگیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەمەڕ بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان بۆ ئەو هەوڵ و هەماهەنگییەی نێوان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە، بەمەش کورد سەلماندی کە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە ددانبەخۆداگرتن و پەلەنەکردن دەبێت، بەڵام تێپەڕاندنی بڕیارەکە لەلایەن شیعەکانەوە سەرەتایەکی خراپ بوو بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو بنەمایانەی کە عێراقیان لەسەر بونیاد نراوە کە ئەویش تەوافوق و هاوبەشییە لەنێوان هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی کورد و شیعە و سوننە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و دەرهاویشتە خراپەکانی بڕیارەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.



*** پێش هەموو شت بەشدارینەکردنی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەو بڕیارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق، هەڵوێستێکی بەرز و گرنگ بوو، ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییە چۆن دروست بوو؟ ئایا تاچەند فراکسیۆنەکان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم پرسە هەماهەنگ بوون؟**

- بێگومان ڕۆڵ و هەماهەنگیی نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا لەمەڕ دانیشتنەکەی پەرلەمانی عێراق بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان ڕوون و ئاشکرا بوو، ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر لە دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و دروستکردنی ئەو یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا هاوکاریی سەرەکی ئێمەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بوو، دەتوانم بڵێم ڕۆڵی بەڕێزیان ڕەنگی دایەوە لەسەر هەوڵەکانی ئێمەش بۆ دروستبوونی یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، هەروەکو چۆن لەسەر پرسی تێپەڕاندنی بودجەی ٢٠١٩ و بابەتی یاسای هەڵبژاردنەکان و ئەم بڕیارەی کشانەوەی هێزە بیانییەکان لە عێراق بینیمان، بە شێوەیەك لەناو ٥٩ ئەندام پەرلەمانی کوردستانی یەك ئەندام پەرلەمانیش ئامادەی هۆڵی پەرلەمان نەبوون بۆ دەنگدان لەسەر ئەو بڕیارە بەپەلە و هەڵەیە، ئەگەرچی بەفەرمی هاوپەیمانێتیی کوردستانی ڕانەگەیەندراوە، بەڵام لە دوای ئەم یەکهەڵوێستی و یەکدەنگییە سەلمێندرا کە لەتوانادا هەیە ئەم هاوپەیمانێتییە دروست بێت، داواکارم و ئومێدم زۆرە بەوەی ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی کورد لەبەغدا ببێتە هۆکاری

**ڕۆڵی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان و دروستکردنی ئەو یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەی نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەبەغدا هاوکاری سەرەکیی ئێمەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بوو**

**نامەی هەڕەشەیان بۆ پەرلەمانتاران ناردووە، بەوەی ئەگەر دەنگ بە بڕیارەکە نەدەن، وەکو خیانەتکار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ماڵیان دەسووتێنندرێت، ئەگەر ئەم هەڕەشانە نەبووایە ٣٠ پەرلەمانتار لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا ئامادە نەدەبوون**

**لەناو ٥٩ ئەندام پەرلەمانی کوردستانی یەک ئەندام پەرلەمانیش ئامادەی هۆڵی پەرلەمان نەبوون بۆ دەنگدان لەسەر ئەو بڕیارە بەپەلە و هەڵەیە**

**ئومێدم زۆرە بەوەی ئەم یەکریزی و یەکهەڵوێستییەی کورد لەبەغدا ببێتە هۆکاری پارمەتیدەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی زیاتری ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و بەهێزبوونەوەی پێگەی کورد لە بەغدا**

پارمەتیدەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی زیاتری ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و بەهێزبوونەوەی پێگەی کورد لە بەغدا.

*** رۆژی هەینیی رابردوو دوای نزیکەی ٨-٩ کاتژمێر بەسەر هێرشەکەی ئەمریکا و کوشتنی قاسم سولەیمانی و مەهدی موهەندیس، مەرجەعییەتی نەجەف داوای کرد ددان بە خۆدا بگرن و پەلە نەکەن، بەڵام کوتلە شیعەکانی ناو پەرلەمان هەمان رۆژ بڕیاریان دا رۆژی شەممە پەرلەمان کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی بکات و پاشان کۆبوونەوەکە دواکەوت بۆ یەکشەممە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە لایەنە شیعەکان هەمووکات خۆیان وا پیشان داوە کە پابەندی پەیامەکانی مەرجەعییەتن، بۆچی ئەمجارە پابەند نەبوون؟ ئایا دەتوانین بڵێین ئەمجارەیان پابەندی پەیامەکانی خامەنەیی بوون زیاتر؟**

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکە، سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە هەموو فراکسیۆنە شیعەکان یەك راوبۆچوونیان نییە و مەرج نییە یەك ئاراستەی سیاسیشیان هەبێت، ئەوانیش جیاوازن لە راوبۆچوون و بیرکردنەوەیان، فراکسیۆنە شیعەکان تەنانەت پابەندی بڕیارەکەی مەرجەعییەت نەبوون بەوەی کە بە هێمنی و دانبەخۆداگرتن رووبەرووی پرسەکە ببنەوە، ئەوە بوو هەر لە دوای گوتارەکەی مەرجەعییەت لە رۆژی هەینی، بڕیاریان دا رۆژی شەممە پەرلەمان کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی بکات، کاتێك پەیوەندییان بەمنەوە کرد وەکو جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان منیش لەبەر ئەوەی جێگری یەکەمی پەرلەمان بەتەنیا ئەمەی راگەیاندبوو، بڕیارەکەش پەلەیی پێوە دیار بوو، راستەوخۆ پێم وتن: ناکرێت کۆبوونەوەیەکی وا نائاسایی و لەسەر پرسێکی وا گرنگ بەو پەلەییە لە رۆژی شەممە بکرێت. من بەمە رازی نیم، چونکە هێشتا زووە بۆ بڕیارێکی لەمجۆرە بێ ئەوەی ئاگاداری وردەکارییەکانی پرسەکە و دەرهاویشتەکانی بین، داوام لێکردن: با ئەم دانیشتنە بەلانی کەمەوە بۆ رۆژی یەکشەممە دوابخەین، ئەوە بوو دانیشتنەکەی پەرلەمان لەسەر پرسی کوشتنی قاسم سولەیمانی و مەهدی موهەندیس و دەرکردنی بیانییەکان بۆ رۆژی یەکشەممە دواخرا، کاتێکیش رۆژی یەکشەممە سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆبووینەوە، (بە فراکسیۆنی پارتی و یەکێتی و سەرجەم فراکسیۆنەکانی دیکەشەوە) بڕیارمان دا بەشداری لەو کۆبوونەوەیە نەکەین، چونکە فراکسیۆنە شیعەکان دەیانویست لەو دانیشتنەدا بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان و ئەمریکییەکان دەربکەن، ئێمەش هیچ قەناعەتمان بە بڕیارێکی وا خراپ و مەترسیدار نییە کە زیانی بۆ عێراق دەبێت و بەو پەلەییە بێ گفتوگۆ و دیراسەتکردن دەربچێت، بەتایبەتی کە سەرکردایەتیی کورد و سەرۆکایەتیی هەرێم لە بەیاننامەی خۆیاندا باسی ئەوەیان کردبوو کە پێویستە ددان بەخۆدا بگرن و پەلە نەکرێت و بابەتێکی وا گرنگ و هەستیار پێویستی بە گفتوگۆ و ئارامی و زاڵبوونی لۆژیکی عەقڵ و مەنتیق هەیە، مەرجەعییەتی شیعەش بەهەمان شێوە باسی ئەو دانبەخۆداگرتن و پاراستنی هێمنییەی کردبوو، ئەوە بوو تەنیا بڕیار درا من وەکو سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەبەر ئەوەی لە سەرۆکایەتیم، نەك لە فراکسیۆنەکان بەشداری دانیشتنەکەی پەرلەمان بم، کاتێکیش پێش دانیشتنەکەی پەرلەمان لەنێوان فراکسیۆنە شیعەکاندا کۆبوونەوە کرا، زۆر بە توندی وەڵامی هەموو ئەو تۆمەت و رەخنانە بوومەوە کە دەرهەق بە کورد دەکرا، بەوەی جۆرێك لە بێ وەفایی بەرامبەر عێراق هەیە و ئەم ئامادەنەبوونەی کورد و سوننە راکردنە لە بەرپرسیارێتی، حەلبووسی وەکو سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەری سوننە وەڵامی خۆی دانەوە، منیش پێم وتن: ئامادەنەبوونی نوێنەرانی کورد لەو دانیشتنەدا نیشانەی ئەوە نییە سەروەری و بەرژەوەندیی عێراقمان لا گرنگ نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئامادەنەبوونمان بۆ رێگرتنە لەسەر دەرکردنی بڕیارێك کە لە بەرژەوەندیی عێراق و سەروەریی وڵات نییە، ئەم بڕیارە پێویستی بە دیراسەتکردن و گفتوگۆکردن هەیە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقەوە بەتایبەتی لەنێوان کوردو شیعە و سوننە، هەربۆیە جارێکی دی بە فراکسیۆنە شیعەکانم گوت: ئەگەر بە تەنیا نیساب تەواو

بکەن و فراکسیۆنە شیعەکان ئەم بڕیارە بدەن، شەقام دەڵێت ئەمە بڕیاری شیعەیە و شیعە بە تەنیا بڕیار دەردەکات و هەر دەرئەنجامێکی خراپیشی هەبێت، ئێوە بەرپرسیار دەبن. بۆیە من داوام کرد با ئەمجارە ددان بەخۆدان بگرن و لە بری ئەوەی تەنیا پێکهاتەیەك ئەم بڕیارە بدات، دەرفەت بدەن با هەموو عێراقییەکان و پێکهاتەکانی گفتوگۆ بکەن و لەگەڵ سوننەو کوردیش بگەنە شێوازێکی هاوبەش، چونکە دەرکردنی هێزە بیانییەکان بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکا لەم کاتە هەستیارەدا مەترسیدارە و ئەوەش پەیوەندی بە چارەنووسی هەموو عێراق و پێکهاتەکانیەوە هەیە، بۆیە ئامادەنەبوونی کورد بۆ ئەوەیە ئەم دانیشتنە نەکرێت و ئەم بڕیارە بەپەلەو بێ دیراستە تێنەپەڕێندرێت، بەڵام ئەوان وتیان شەقام بۆتە ئاگر و زۆر تووڕەیە لێمان، هەر دەبێت ئەو دانیشتنە بکرێت، لە وەڵامدا پێم گوتن: با دانیشتن بکرێت، بەڵام بڕیار نەدەین، وتیان باشە ئەمڕۆ بڕیاری چی بدەین؟ وتم: با بڕیاری ئەوە بدەین بەڕێز عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی کار بەڕێکەر و وەزیری بەرگری و وەزیری دارایی بانگهێشتی پەرلەمانیان بکەین و لێیان بپرسین: ئەگەر ئەم بڕیارە دەرچوو، ئایا وەك سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لە غیابی هێزی ئەمریکی و بیانی گەرەنتیی ئەوەمان پێ دەدەیت کە وڵات بەڕێوە ببەیت؟ ئایا وەزیری بەرگری دەتوانیت سەروەریی عێراق و سنوورەکان بپارێزیت و زەمانەتی ئەوەمان بدەیتێ کە داعش نەگەڕێتەوە شارەکانمان؟ وەزیری دارایی ئایا گەرەنتی ئەوە دەدەیت ئەگەر هاتوو ئەمریکا یارمەتی و حەسانەی خۆی لەسەر نەوت و ئابووری و داریی عێراق هەڵگرت، بەهای دینارمان نەڕووخێت و بەهاکەی نەشکێت؟ ئایا گەرەنتی ئەوەمان دەدەیتێ، حکومەت بتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی بدات؟ باشە ڕێکەوتنێك لەنێوان عێراق و ئەمریکا دوای یەك ساڵ گفتوگۆ و دیراسەتکردن واژوو کراوە و ڕاوبۆچوونی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەربازی و سیاسی و ئابووری و ئەمنی لەو بارەیەوە وەرگیراوە، ئێستا ئێوەی پەرلەمانتارانی شیعە دەتانەوێت بە یەك دانیشتن ڕێککەوتننامەکەی نێوان عێراق و ئەمریکا هەڵبوەشێننەوە؟ بەڵام هەرچی داوا و تکام لێ کردن، سوودی نەبوو، تا کار گەیشتە ئەوەی جێگری یەکەمی پەرلەمان پێمی وت: ئێمە بەرژەوەندیی عێراقمان دەوێت و کوردی بە بێ وەفایی تۆمەتبار کرد و گوتی: کاتێك مەسەلەی بودجە و مافی خۆتان دێتە پێشەوە بە توندی داوای مافی خۆتان دەکەن، بەڵام کاتێك وڵات پێویستی بە سەروەرییە ئامادە نابن، لەوەڵامدا پێم وت: نەخێر وا نییە و دەرنەکردنی ئەم بڕیارە لە حاڵەتی ئەوەی کە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە زیانی بۆ سەروەریی عێراق دەبێت. گفتوگۆکەمان تا ئەو ڕاددەیە بوو کە دەنگمان لە سەر یەکتر بەرز بۆوە.

*** وەك لە میدیاکانەوە ڤیدیۆکەی بڵاوکراوەتەوە، محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ڕاشکاوانە ڕوودەکاتە عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی کاربەڕێکەر و پێی دەڵێت: ئەم بڕیارە بڕیارێکی شیعەیە، ئێمە ئومێدمان دەکرد بڕیارێکی عێراقییانە بێت، دیارە حەلبوسی دەیەوێت سەرۆك وەزیران لە مەترسیی ئەو بڕیارە ئاگادار بکاتەوە، ئایا ئەو دەرهاویشتە خراپانەی ئەم بریارە چین کە دەبنە مەترسی لەسەر داهاتووی عێراق؟**

- محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە کۆبوونەوەکەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان پاڵپشتیی ڕابوبۆچوونەکانی منی کرد، لەناو پەرلەمانیش ئەو وەکو نوێنەری سوننە و منیش وەکو کورد ویستمان کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدرێت، ئێمە وەکو کورد ڕاوبۆچوونی خۆمان دا و سەرۆکی پەرلەمانیش وەکو سوننە مەترسییەکانی ئەم بڕیارە هەڵەیە و بەپەلەیەی ڕوون کردەوە. هەرچەندە من قەناعەتم بەوە نییە ئەمریکا هێزەکانی خۆی بکشێنێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا دەرهاویشتەکانی بۆ سەر عێراق و خەڵکەکەی زۆر خراپ دەبێت، چونکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەمریکا هێزی سەربازی خۆی کشاندەوە، ئەوا نێردە دیپلۆماسییەکانی و باڵیۆز و باڵیۆزخانەکەشی دەکشێتەوە، بگرە نێردە دیپلۆماسییەکانی زۆر لە وڵاتانی وەکو بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و چەندین

**فراکسیۆنە شیعەکان تەنانەت پابەندی بڕیارەکەی مەرجەعییەت نەبوون بەوەی کە بە هێمنی و ددانبەخۆداگرتن ڕووبەڕووی پرسەکە ببنەوە**

**بڕیارمان دا بەشداری لەو کۆبوونەوەیە نەکەین، چونکە فراکسیۆنە شیعەکان دەیانویست لەو دانیشتنەدا بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان و ئەمریکییەکان دەربکەن، ئێمەش هیچ قەناعەتمان بە بڕیارێکی وا خراپ و مەترسیدار نییە کە زیانی بۆ عێراق دەبێت**

**دەرکردنی هێزە بیانییەکان بەتایبەتی هێزەکانی ئەمریکا لەم کاتە هەستیارەدا مەترسیدارە و ئەوەش پەیوەندی بە چارەنووسی هەموو عێراق و پێکهاتەکانیەوە هەیە**

**عێراق لە ئێستادا نەوتەکەی خۆی دەفرۆشێت، بەڵام پارەی ئەو نەوتە راستەوخۆ نایەتە عێراق، بەڵکو دەچێتە هەژمارێک لە سەر حیسابی ئەمریکا و دەچێتە ناو یەدەگێکی دارایی ئەمریکا و لەوێوە وردە وردە پارەکە بۆ ئێمە دەنێردرێت، باشە کێ نالێت ئەمریکا لەکاتی کشانەوەی هەموو ئەو پارانە بلۆک ناکات**

**لە ئێستادا ئەمریکا پاڵپشتیی بەهای دیناری عێراقی دەکات و بەهای دراوی عێراقی تا رادەیەک سەقامگیرە و نرخی ئاڵوێری دۆلارو دینار لە عێراقدا تارادەیەکی باش جێگیرە، ئەگەر ئەم پاڵپشتییەی ئەمریکا لەسەر دیناری عێراقی نەمێنێت، بێگومان نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە و بەهای دینار دەشکێت، بەمەش جگە لەوەی پارەی نەوتی عێراق نایەت و بەهای دینار دەشکێت گرانی و هەژاری روودەدات**

**پرۆسەی سیاسیی عێراق لەسەر پرەنسیپی تەوافوق بونیاد نراوە، نەک لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە، خۆ ئەگەر مەسەلەکە زۆرینە و کەمینەی پەرلەمان بێت، ئەوا هەر شیعە زۆرینەیە و ئیتر بەشداریی کورد و سوننە لە پەرلەمان و کۆی پرۆسەی سیاسیدا هیچ مانا و واتایەکی نامێنێت**

وڵاتی دیکەش دەکشێنەوە و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نێردەی خۆی دەکشێنێتەوە و هێزەکانی هاوپەیمانیی ناتۆش دەکشێنەوە. بەمشێوەیە بڕیارەکەی شیعە دەرهاویشتەی خراپ و مەترسیداری هەیە، نەک تەنیا لە رووی سیاسییەوە، بەڵکو لە رووی ئەمنییەتیشەوە جارێکی دی داعش هەڕەشە دەبێت بۆ سەر شار و شارۆچکەکانمان و هێرشەکانی داعش دەست پێ دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی مەزهەبی و ناوخۆش زۆرە، بە هاوشێوەی شەڕی شیعە و سوننە لە رومادی و نەینەوا و شارەکانی دیکەی عێراق، لە رووی ئابوورییشەوە بڕیارەکەی شیعە ئەگەر جێبەجێ بکرێت، دەبێت ئەوە بزانین کە عێراق لە ئێستادا نەوتەکەی خۆی دەفرۆشێت، بەڵام پارەی ئەو نەوتە راستەوخۆ نایەتە عێراق، بەڵکو دەچێتە هەژمارێك لە سەر حیسابی ئەمریکا و دەچێتە ناو یەدەگێکی دارایی ئەمریکا و لەوێوە وردە وردە پارەکە بۆ ئێمە دەنێردرێت، باشە کێ نالێت ئەمریکا لەکاتی کشانەوەی هەموو ئەو پارانە بلۆك ناکات؟ لە ئێستادا ئەمریکا پاڵپشتیی بەهای دیناری عێراقی دەکات و بەهای دراوی عێراقی تا رادەیەك سەقامگیرە و نرخی ئاڵوێری دۆلارو دینار لە عێراقدا تارادەیەکی باش جێگیرە، ئەگەر ئەم پاڵپشتییەی ئەمریکا لەسەر دیناری عێراقی نەمێنێت، بێگومان نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە و بەهای دینار دەشکێت، بەمەش جگە لەوەی پارەی نەوتی عێراق نایەت و بەهای دینار دەشکێت گرانی و هەژاری روودەدات و دۆخی عێراق لەمە زیاتر تێکدەچێت و حکومەت توانای دابینکردنی مووچەکانیشی نامێنێت.

*** وەك ئەزموونی خۆت و پۆستەکەت کە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی، ئایا لەدوای تێپەڕاندنی ئەم بڕیارە لەناو پەرلەمان بە پێداگریی فراکسیۆنە شیعەکان، نایێتە هۆی ئەوە کە تێپەڕاندنی یاسا و بڕیارەکانی داهاتوو لەناو پەرلەمان بە زۆرینە و کەمینە ببێتە عورفێك بۆ فراکسیۆنە شیعەکان و باکیان بە بەشداریی کورد و سوننە نەبێت؟**

- پێشتر هەندێك جار لەژێر فشار و پاڵەپەستۆدا هەندك بڕیار و پرۆژە تێپەڕێندراوە، بێ ئەوەی گوێ لە کورد و سوننە بگیرێت، بەڵام بنەمای تەوافوق لەنێوان هەرسێ پێکهاتەی سوننە و کورد و شیعە مابوو، ئەگەر وا بڕوات، ئەوە مەترسیی تێکچوونی تەوافوق دێتە پێشەوەو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لەمەی ئێستا خراپتر تێکدەچێت، چونکە خۆی لە خۆیدا پرۆسەی سیاسیی عێراق لەسەر پرەنسیپی تەوافوق بونیاد نراوە، نەك لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە، خۆ ئەگەر مەسەلەکە زۆرینە و کەمینەی پەرلەمان بێت، ئەوا هەر شیعە زۆرینەیە و ئیتر بەشداریی کورد و سوننە لە پەرلەمان و کۆی پرۆسەی سیاسیدا هیچ مانا و واتایەکی نامێنێت. بۆیە پێویستە دووبارە نەخشە سیاسییەکان لە عێراقدا دابڕێژدرێنەوە.

*** ئێوە و پەرلەمانتارانی دیکەش ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم بڕیارەی پەرلەمان بۆ حکومەت مولزەم نییە، ئەمەش بەو مانایەی حکومەت دەتوانێت جێبەجێی نەکات، بەڵام وەك بینیمان هەر بۆ رۆژی دواتر سەرۆك وەزیران لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکا کۆبووە و پێی راگەیاند کە دەبێت بکشێنەوە، ئەمە لە کاتیکدا د.عادل عەبدولمەهدی بە پیاوێکی ئاقڵ و ئابووریزان دادەنرێت، ئایا لە ئێستادا ئەویش لەژێر گوشاری حەشدی شەعبی بڕیار دەدات؟**

- د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق پیاوێکی عاقڵ و تەکنۆکرات و ئابووریناسێکی باشە و زۆر دڵسۆز بوو، ئەگەر بواریان پێ بدایە، کاری باشی بۆ عێراقیەکان دەکرد، بەداخەوە نەیانهێشت کار بکات و هەرچی کەموکورتی و هەڵەی حکومەتەکانی پێشوو هەیە، هەموویان خستە سەر شانی ئەو، لە ٢٠٠٣وە هەڵە دەکرێت، کەچی زوڵمێکی زۆریان لە د.عادل عەبدولمەهدی کرد، خۆیشی دەزانێت بڕیارەکەی پەرلەمان لەلایەن حکومەتەوە مولزەم نییە جێبەجێی بکات، بەڵام ئەو لەوە دەترسێت ئەگەر لە حکومەت نەما، هەرچی کوشتار و بریندارەکانی خۆپیشاندانەکانە بخرێتە سەر شانی ئەو و دادگایی بکرێت. لە عێراق زیاتر لە ٦٠٠ خۆپیشاندەر کوژراون و زیاتر لە ٢٠ هەزار کەس بریندار بوون، بۆیە پێش ئەوەی لە حکومەت بڕوات، دەیەوێت دڵی ئەوان رازی بکات، ئەم فشارە تەنیا لەسەر



د.عادل عەبدولمەهدی نییە، بەڵکو لە سەر زۆر لە پەرلەمانتارەکانی شیعەش هەیە و نامەی هەڕەشەیان بۆ ناردوون، بەوەی ئەگەر دەنگ بە بڕیارەکە نەدەن، وەکو خیانەتکار مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ناویان ئاشکرا دەکرێت و ماڵیان دەسووتێندرێت، ئەگەر ئەم هەڕەشانە نەبووایە ٣٠ پەرلەمانتار لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا ئامادە نەدەبوون.

*** ئێستا باس لەوە دەکرێت کە ژمارەیەك پەرلەمانتاری عێراق دەیانەوێت تانە لە بڕیارەکە بدەن، بەو حیسابەی ئەمە کاری پەرلەمان نییە و کاری حکومەتە، بۆ ئەمەش باس لەوە دەکەن ئەم پرسە رووبەڕووی دادگای فیدڕاڵی بکەنەوە، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- لە راستیدا ئەمە کاری پەرلەمان نییە داوا بکات هێزی بیانی بەتایبەتی ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، ئەمە کاری حکومەتە و حکومەتیش خۆی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ ئەمریکا کردووە و هەر خۆشی دەتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە، دوای ساڵێکیش لە هەڵوەشانەوەی رێککەوتننامەکە دەکرێت بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام لە حکومەت نەیانکرد و ویستیان تۆپەکە بخەنە ناو گۆڕەپانی پەرلەمانەوە، پەرلەمانیش لەلایەن خۆیەوە تۆپەکەی خستەوە ناو گۆڕەپانی حکومەت و داوای لە حکومەت کرد کە داوا لە ئەمریکا و هێزە بیانییەکان بکات، وڵاتەکە جێبهێڵن. ئەمە هەمووی هەڵەیە، هەنگاوی دروست ئەوە بوو، پێش هەموو شتێك پەرلەمان کار بۆ دەستنیشانکردنی کەسایەتییەك بۆ حکومەتی کاربەڕێکەر بکات بۆ ئەوەی بخرێتە شوێنی د.عادل عەبدولمەهدی و کار بکات بۆ هەڵبژاردنێکی پێشوەختە و پەرلەمان و حکومەتێکی نوێ دابمەزرێت، ئەوجا دوای گفتوگۆ و دیراسەتکردن ئەو حکومەت نوێیە باس لەو رێککەوتنە و دەرکردنی هێزە بیانییەکان بکات، بەڵام لەبەر هەموو ئەو فشارو هەڕەشە و دەستێوەردانانەی لەسەر پەرلەمانتارە شیعەکان کرابوو بۆ رازیکردنی شەقام، بەپەلە ئەم کارەیان کرد و عێراق و وڵاتەکەیان خستە ناو دۆخێکی ناسەقامگیر و نائارام و نادیارەوە.

**د. عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق پیاوێکی عاقڵ و تەکنۆکرات و ئابووریناسێکی باشە و زۆر دڵسۆز بوو، ئەگەر بواریان پێ بدایە، کاری باشی بۆ عێراقیەکان دەکرد**

**کاری پەرلەمان نییە داوا بکات هێزی بیانی بەتایبەتی ئەمریکا لە عێراق بکشێتەوە، ئەمە کاری حکومەتە و حکومەتیش خۆی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ ئەمریکا کردووە و هەر خۆشی دەتوانێت هەڵیبوەشێنێتەوە**



ئەندازیار کەماڵ محەمەد ساڵح

وەزیری کارەبا بۆ گوڵان :

# دەستمان بە چاکسازی و بنیادنانی ژێرخانی کارەبا کردووە و لەماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بەکردەیی ئەنجامەکەی دەبینن

وەزارەتی کارەبا یەکێکە لە وەزارەتە گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و راستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی هاووڵاتیان و ئابووریی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەم وەزارەتە هەوڵیداوە لەگەڵ زیادبوونی خواست و ژمارەی هاوبەشانی کارەبا و فراوانبوونی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، کار و بەرهەمەکانی بەرفراوان بکات، قسەکردن لەسەر ڕەوشی کارەبا و کێشە و گرفتەکانی، لەگەڵ پلان و بەرنامە و پرۆژەکانی وەزارەتی کارەبا و ئەو چاکسازی و گۆڕانکارییانەی لەم ماوەیەدا ئەنجام دراون، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ ئەندازیار کەماڵ محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا پێکدەهێنن .

**کەس لە یاسا گەورەتر نییە و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەی خۆیان بە دەسترۆیشتوو دەزانن و سەرپێچیان کردووەتە سەر موڵک و سامانی گشتی هەموو دەسەڵاتێکی پێ داوین**

**بەرزبوونەوەی خواست و پێداویستییەکان لەسەر کارەبا و وایکردووە ژمارەی هاوبەشانی کارەبا بە (یەک ملیۆن و ٥٧٤ هەزار) هاوبەش گەیشتووە**

*** لە ژێر رۆشنایی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرجەم وەزارەتەکان بەرنامەی خۆیان بۆ چوار ساڵی کارکردن ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بەتایبەتی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکان، ئایا هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی وەزارەتی کارەبا بۆ باشکردنی خزمەتگوزاری لەم کابینەیەدا چین؟**

- وەزارەتی کارەبا یەکێکە لە وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی بە هاونیشتمانیان و ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی کارەبا بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی وزە دادەنرێت و کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئابووری و پەرەپێدانی وڵات و بەرزبوونەوەی ئاستی گەشەوە هەیە، هەرچەندە ئەم وەزارەتە لە چەند ساڵی رابردوودا لە هەموو سێکتەرەکان کاری گەورە و گرنگی ئەنجام داوە، بەڵام لە ئاکامی پێشکەوتنەکان و بەرزبوونەوەی خواست و پێداویستییەکان لەسەر کارەبا و زیادبوونی ژمارەی هاوبەشانی کارەبا بۆ (یەك ملیۆن و ٥٧٤ هەزار) هاوبەش، واقیعێکی وای خوڵقاندووە کە سەرەڕای هەموو پڕۆژە و هەوڵەکانمان بۆ زیادکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا، بەڵام ئاستی خواستی بەکارهێنەرانی کارەبا و پێشکەوتنی شارەکان و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان زیاتر و فراوانترە، هەربۆیە گرفتی کارەبا کە بە رێژەی جۆراوجۆر و بەتایبەتیش لە کاتی زستان و هاویندا دەبیندرێت، بۆ زانینی زیاتری کەرتی کارەبا و دۆخەکە پێویستە سەرەتا بە کورتی باسێکی سێکتەرەکانی کارەبا بکەین.

وەزارەتی کارەبا لە چەندین سێکتەری گرنگ پێکهاتووە کە بریتین لە سێکتەرەکانی (بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەشکردن، کۆنترۆڵ)، ئەم بوارانە هەر هەمووی بناغەی ژێرخانی کارەبا پێکدەهێنن و رۆڵ و کاریگەرییان لەسەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کارەبا هەیە، لەسەر راسپاردەی رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خزمەتکردنی هاووڵاتیان لە ریزبەندی پێشەوەی کار و ئەرکەکانی وەزارەت دادەنرێت، بۆیە بەردەوام کار بۆ زیادبوونی ماوەکانی پێدانی کارەبا دەکەین و چاکسازیی لەسەرجەم بوارەکانی هەیکەلی وەزارەت و رێنمایی و راسپاردەکان و چۆنێتیی بەڕێوەچوونی ئیشوکاری هاووڵاتیان دەکەین، بۆ نموونە: فەرمانی وەزاریمان دەرکردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو خانووانەی تاپۆ و هاوبەشی کارەبایان نییە، تاوەکو لەماوەی دوو مانگدا هاوبەشیان بۆ بکرێتەوە و پێوەر ببەستن، هەروەها ئەوانەشی سەرپێچیان لەسەر تۆڕەکانی کارەبا کردووە، ماوەی یەك مانگمان دانابوو تاوەکو سەردانی فەرمانگەکان بکەن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، لەلایەکی دیکەوە ئاگاداری فەرمانگە و پارێزگاکانمان کردووە لەسەری ساڵی نوێوە کارەبای بەردەوام تەنیا بۆ نەخۆشخانە حکومییەکان و پڕۆژەکانی ئاوی ستراتیژی و فڕۆکەخانە و گرتووخانەکان و فەرمانگەی جەوازات و کارتی نیشتمانی و بانکی مەڵبەندی و خاڵە سنوورییەکان دەمێنێت، هەروەها رێنماییمان دەرکردووە بەوەی هەر کۆمپانیایەك کە دوو پڕۆژەی لەلا بێت، دەبێت یەکێکیان تەواو بکات، ئەوکات دەتوانێت بەشداری لە تەندەرەکان و گرێبەستی نوێ لەگەڵ وەزارەت بکات، لە بواری گواستنەوەی کارەبا و دابەشکردنیشدا چەندین پڕۆژە و کارمان دەستپێکردۆتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا کاریگەرییەکانیان دەردەکەوێت.

*** لەناو وەزارەتی کارەبادا چەندین سێکتەری گرنگ هەیە کە پێویستە بە هاوتەریب کاری لەسەر بکرێت، بەتایبەتی بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کارەبا، دەکرێت بزانین لەم بوارانەدا چی کراوە؟**

- سەرەتا با لە سێکتەری بەرهەمهێنانی کارەباوە دەست پێ بکەین، تاوەکو هاووڵاتیانی بەڕێز لە رێگەی گۆڤارەکەتانەوە بزانن چ گۆڕانکاری و چاکسازییەك لە ماوەی تەنیا ١٠٠ رۆژی کارکردنی ئەم کابینەیەدا و تەنیا لە بواری بەرهەمهێناندا ئەنجام دراوە، وەك:

١- پێداچوونەوە بە گرێبەستی کۆمپانیای (MEP)ی لوبنانی، لە دوای ئەوەی گرێبەستەکەیان بە کۆتایی هات، بۆ بەکارخستنی هەردوو وێستگەی ٢٩ مێگاواتی لە هەولێر و دهۆك، لە ئەنجامدا ئەم گۆڕانکارییە لە بەرژەوەندیی وەزارەتی کارەبا ئەنجام درا.

٢- کەمکردنەوەی نرخی کڕینی هەر (یەك) مێگاوات کارەبا لە کاتژمێرێکدا لە (٣٠ بۆ ٢٨) دۆلار.

٣- پێداچوونەوە بە قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیا ئەگەر لەلای ئێمە سووتەمەنیی بۆ دابین نەکرا

لە شوێنی ٣٠ دۆلار، بۆ یەك مێگاوات بۆ ئەوەی ببێتە (١٤) دۆلار بۆ یەك مێگاوات.

٤- گۆڕینی جۆری سووتەمەنی لە گازوایل بۆ نەوتی ڕەش کە بەهای هەریەك تەن لە ٧٠٠ دۆلار دەبێتە ٢٠٠ دۆلار، لێرەدا ڕۆژانە تەنیا لە وێستگەی هەولێر و دهۆك بڕی بەکارهێنانی سووتەمەنی لە ١٤٠ تەن × ٧٠٠ دۆلار= (٩٨,٠٠٠ دۆلار)، دەبێتە (١٤٠ تەن× ٢٠٠دۆلار= ٢٨,٠٠٠ دۆلار ڕۆژانە، بۆ هەر ساڵێك لە هەر دوو وێستگەی ٢٩ مێگاواتی لە هەولێر و دهۆك بڕی ١٤٠,٠٠٠ جاران ٣٦٥= (٥١,١٠٠,٠٠٠ ) دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە.

٥- لێخۆشبوون لە قەرزی کۆمپانیاکان لەسەر حکومەت لە ئەگەری کارنەکردنی وێستگەکان لەبەر بابەتی دابیننەکردنی گازوایل بۆ ساڵانی (٢٠١٤ -٢٠١٥-٢٠١٦-٢٠١٧-٢٠١٨-٢٠١٩) کە بووەتە (٢٩,٨٢١,٢٦ دۆلار).

٦- کۆتاییهێنان بە گرێبەستی کۆمپانیای سیمنسی ئەڵمانی کە بە گوژمەی (٦٩,٥٠٠,٠٠٠دۆلار) واژوو کرابوو، لە بەرامبەر (٥,٢٩,٠٠٠دۆلار) دواتر هەمان پڕۆژە بە گوژمەی (٤٢ ملیۆن دۆلار) ئەنجام دەدرێت و نزیکەی ٢٢ ملیۆن دۆلار دەگەڕێتەوە خەزێنەی گشتی .

٧- بەکارخستنی یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بە بڕی ١٥٠ مێگاوات کارەبا لە وێستگەی خەبات لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٥، ئێستاکەش بڕی کارەبای بەرهەمهاتوو لەم وێستگەیە بەرەو ٢٠٠ مێگاوات کارەبا دەچێت.

سەبارەت بە سێکتەری دابەشکردنی کارەباش لە ڕووی خزمەتکرنی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێراکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان وەزارەتمان زۆر بەجددی دەوامی فەرمانبەرانی ڕێکخستۆتەوە، ئەمەش لەو هزر و بۆچوونەوە هاتووە کە خزمەتی هاووڵاتیان بکرێت و ڕۆتین و دواکەوتنی کار لە فەرمانگە حکوومییەکان کەم ببێتەوە، لەلایەکی دیکەوە هێڵی تەلەفۆنی سەرجەم فەرمانگەکانی چاکسازی و بەڕێوەبەرەکان لە وێب سایت و پەیجی فەرمیی وەزارەت لە فەیسبووك بڵاومان کردۆتەوە، هەر هاووڵاتییەك گرفتی کارەبای هەبێت، دەتوانێت لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی بکات، ئەمە وێڕای دانانی دوو ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیل بۆ هەردوو بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆری و بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوون و چاودێری. هەروەها لە ڕووی ڕاکێشانی هێڵی کارەبا بۆ ئەو وێستگانەی تەواو بوون، هەنگاوی باشمان ناوە و بەم نزیکانە ژمارەیەك لەو وێستگانە دەکەونە کار.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی کاری ١٠٠ ڕۆژی ڕابردووی بڵاوکردەوەو تێیدا ئاماژە بە چەندین کار و پڕۆژەی وەزارەتی کارەبا کراوە، بەڵام دۆخی کارەبا لە ئەمساڵدا بەرە و باشی نەڕۆیشتووە، هۆکارەکەی چییە؟**

-کێشەی کارەبا کێشەیەکی هاوبەشە لە نێوان وەزارەتەکاندا و زۆر بواری جیاجیا لەخۆ دەگرێت، ئەگەر بە هاوبەشی کار نەکرێت، ئەم گرفتە هەر دەمێنێت، بەڵام دەرئەنجام هاووڵاتیان مافی خۆیانە گلەیی لە وەزارەتی کارەبا بکەن، لەکاتێکدا زیادبوونی بەرهەمهێنانی کارەبا و باشبوونی ئەم سێکتەرە هەستیارە ئەرکی وەزارەتی کارەبا، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، وەزارەتی دارایی و پلاندانان و تەنانەت کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و چەندین وەزارەت و فەرمانگەی دیکەیە، بۆ نموونە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا پێویستیمان بە گاز و بودجە هەیە، بەتایبەتی بۆ بەگەڕخستنی ١٣ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا کە لە توانایدا هەیە ٦٧٣٧ مێگاوت کارەبا بەرهەم بهێنێت، ئەمەش پێویستی بە هاوکاریی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان و وەزارەتی دارایی هەیە، لەلایەکی دیکەوە کێشەی گەورەی کارەبا لە سێکتەری دابەشکردنی کارەبایە کە بە شێوەیەکی باش کۆنتڕۆڵ نەکراوە، ئەمەش پێویستی بە هەڵمەتی نەهێشتنی سەرپێچییەکان و هاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ و داد و چەندین لایەنی دیکەی وەکو وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف هەیە، کە بۆ هۆشیاریی هاووڵاتیان و زیادە مەسرەفی لە بەکارهێنانی کارەبا و نەهێشتنی سەرپێچیەکان پێویستی زۆرمان بە هاوکاریی ئەوان هەیە.

بەشێوەیەکی گشتی کێشەکانی کارەبا بەم شێوەیە:

١- ئێمە ١٣ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەیە و لەتوانایاندا هەیە کە ٦,٧٣٧ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنن، بەڵام تەنیا لە ٢٠١٩ بەتێکڕا ٣,١٤٥ مێگاوات کارەبا بەرهەم هاتووە، واتا بەرێژەی ٤٦٪، ئەویش بەهۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە بووە.

٢- کارەبای دابەشکراو بەسەر هاووڵاتیاندا بە

هەر کۆمپانیایەک کە دوو پڕۆژەی لەلا بێت، دەبێت یەکێکیان تەواو بکات، ئەوکات دەتوانێت بەشداری لە تەندەرەکان و گرێبەستی نوێ لەگەڵ وەزارەت بکات

بۆ هەر ساڵێک لە هەر دوو وێستگەی ٢٩ مێگاواتی لە هەولێر و دهۆک بڕی ١٤٠,٠٠٠ جاران ٣٦٥=( ٥١,١٠٠,٠٠٠ ) دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێتەوە

**لە رووی خزمەتکرنی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی رۆتین و خێراکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان وەزارەتمان زۆر بەجددی دەوامی فەرمانبەرانی رێکخستۆتەوە**

تێکڕا ٢,٥٠٦ مێگاوات بووە، لەکاتێکدا بڵندترین خواست بۆ ٦٢٠٠ مێگاوات کارەبا بەرز بووەتەوە.

٣- ئێمە تەنیا سیستەمی ڤۆڵتیەی ١٣٢ کەی ڤی مان هەیە، لە کاتێکدا کە دەبێت سیستەمی ٤٠٠ کەی ڤی بەکار بهێنین بۆ گواستنەوەی کارەبا لە نێوان شارەکان و دراوسێکانی ئێمەدا.

٤- چەندین وێستگەی دیکەی گۆڕینی کارەبامان هەیە لە هەرسێ پارێزگاکە لە ١٠٠٪ تەواو بوون، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجە بۆ راکێشانی هێڵی گواستنەوە بەکار نەکەوتوون، لەوانە وێستگەی بازیان لە سلێمانی و ئازادی نوێ و روناکی و کەسنەزان و سۆران لە هەولێر و تل کەبەر لە زاخۆ .

٥- بەرزبوونەوەی رێژەی بەفیڕۆچوونی کارەبا کە لە رووی ستانداردی جیهانییەوە لە هەموو دنیادا بە ٨ تا ١٢٪ دادەنرێت، بەڵام لای ئێمە بە رێژەی ٤٠٪ زیاد بووە.

ئەم کار و پڕۆژانە پێویستیان بە بودجە هەیە، پێشتر وەزارەتی کارەبا پێنج سەرچاوەی دارایی لە بەردەستدا بووە (بودجەی ئاسایی، بودجەی گەشەپێدانی پارێزگاکان، بودجەی داهاتی کارەبا لە ١٠٠٪ و بودجەی وەبەرهێنانی وەزارەت و بودجەی پترۆ دۆلار) بەڵام لە ئێستادا هەموو ئەو بودجانە، یا نەماون، یان کەم بوونەتەوە، لە لایەکی دیکەوە دەبێت هاووڵاتیانی کوردستان ئەو راستییە بزانن کە دابینکردنی بودجە بۆ بەگەڕخستنی ئەو وێستگانە لەم کاتەدا کارێکی قورسە، چونکە حکومەت دابینکردنی مووچە و باشکردنی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان و بەگەڕخستنەوەی زۆر پڕۆژە و بەردەوامبوونی خەرجییەکانی لەسەر شانە و چەندین وەزارەت و سێکتەری دیکەی وەکو تەندروستی و پەروەردەش هەن، کە پێویستیان بە بودجەیە.

*** باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر سەرجەم وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە گازوایلەوە بگۆڕدرێن بۆ غاز، ئەوا پارەیەکی زۆر بۆ حکومەت و گەنجینەی هەرێم دەگەڕێتەوە، ئایا چی کراوە بۆ ئەوەی سەرجەم وێستگەکان بۆ غازی سرووشتی بگۆڕدرێن؟**

- گۆڕینی بەرهەمهێنانی کارەبا لە گازوایلەوە بۆ غاز جگە لەوەی سوودێکی گەورەی ئابووری و دارایی بۆ گەنجینەی حکومەت و پارە و داهاتی هەرێم هەیە، هاوکات لە رووی ژینگەشەوە بایەخی تایبەتی هەیە.

*** باس لەوە دەکرێت کە بڕە کارەبایەك دەدرێت بە کەرکووك و موسڵ و ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئایا لەم بارودۆخەدا کە ماوەکانی پێدانی کارەبا کەمە، تاچەند پێدانی کارەبا بەو شار و ناوچانە کاریگەریی لەسەر دۆخی کارەبای هەرێم دەبێت؟**

- زۆرجار ئەم پرسیارە دەکرێت، دیارە کەسانێك بۆ مەبەستی دیکە بەکاری دەهێنن، من حەزم کرد لە رێگەی گۆڤارەکەتانەوە ئەم روونکردنەوەیە بدەم، سەرەتا دەبێت بزانین شاری کەرکووك



و بەشێکی زۆری پارێزگای موسڵ ناوچەی کوردستانیی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمن و خەڵکی خۆمان و هەموو پێکهاتەکانی دیکەشی لێیە، هاوکات پێدانی ١٠٤ مێگاوات کارەبا بۆ کەرکووك لە ئەمساڵدا لە ڕێگەی کۆمپانیای ماس و بە پارە و بودجەی ئەو پارێزگایە بووە و لەو یەکەی وێستگانەوە دراوە کە ئێمە ناتوانین بە هۆی بارگرانیی سەر بودجەی هەرێم سووتەمەنییان بۆ دابین بکەین و لە ئیلتزاماتی یاسایی و داراییش دەمانپارێزێت، هەروەها ٣٠٠ مێگاوات کارەباش لە ڕێگەی هەردوو کۆمپانیای کار و قەیوان بە هەمان شێوەیە بۆ موسڵ کە بەشێکی گەورەی دەشتی نەینەواش دەگرێتەوە، هاووڵاتیانی کوردستانی لێیە و ناکرێت بێ کارەبایان بکەین و کۆچ بکەن بۆ هەرێمی کوردستان و بەتەواوەتی کورد لەو ناوچانە نەمێنن. لەلایەکی دیکەوە ئەم بڕە کارەبایەش هاوکاریی حکومەت دەکات بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو یەکانە نەداتە وەبەرهێن کە سووتەمەنیی بۆ دابین نەکردووە، هەروەها ئێمە بەرەو بەهێزبوونی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێم و بەغدا و دابینکردنی مووچە و بودجە دەڕۆین، ئەم پەیوەندییەش ئاساییە و دەبێت هەبێت و لە دوارۆژدا زۆر سوودی لێ وەردەگرین، بەتایبەتی لەم دوو ساڵەی دواییدا کە موچەی هەرێمی کوردستان دەنێرن و هەمووان باس لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان دەکەن.

*** وەزارەتی کارەبا مانگێکی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی سەرپێچیکارانی سەر تۆڕەکانی کارەبا گرفت و کێشەکانیان لە ڕێگەی فەرمانگەکانی فرۆشتنی کارەباوە چارەسەر بکەن، ئایا تا ئێستا بەدەنگەوەهاتنی سەرپێچیکاران چۆنە و بەنیازن دوای ئەو مانگە چۆن هەڵمەتەکە دەست پێ بکەن؟**

- بۆ ڕێکخستنەوە و چارەسەرکردنی ئەو هەموو سەرپێچی و زێدەڕۆییەی کراوەتە سەر کارەبا و لە پێناو کردنەوەی هاوبەش و پێوەری کارەبا بۆ ئەو خانووانەی بە سەرپێچی دروست کراون، وەزارەتی کارەبا بە پاڵپشتی و هاوکاریی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی داد و شارەوانی بڕیاری دا هاوبەش و پێوەر بۆ سەرجەم هاوبەشانی بکاتەوە، بەمەش بڕە کارەبایەکی زۆر کە بە سەرپێچی ڕاکێشراوە و پارە نەدراوە، بۆ گەنجینەی حکومەت دەگەڕێتەوە، تەنانەت بارگرانییش لەسەر تۆڕەکانی ئەو ناوچانەی سەرپێچیەکانی تێدایە کەم دەبێتەوە، لەلایەکی دیکەوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوانەی گرفت و کێشەی کارەبایان هەیە، بۆ هاندان و پاڵپشتیکردنی نەهێشتنی سەرپێچی ماوەی مانگێکی داناوە، بۆ ئەوەی سوود لەو لێخۆشبوونە وەربگرن و بە زووترین کات چارەسەری

**ئێمە ١٣ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەیە و لەتوانایاندا هەیە کە ٦,٧٣٧ مێگاوات کارەبا بەرهەم بهێنن، بەڵام تەنیا لە ٢٠١٩ بەتێکڕا ٣,١٤٥ مێگاوات کارەبا بەرهەم هاتووە، واتا بەڕێژەی ٤٦٪، ئەویش بەهۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە بووە**



**چەندین وێستگەی دیکەی گۆڕینی کارەبامان هەیە لە هەرسێ پارێزگاکە لە ١٠٠٪ تەواو بوون، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجە بۆ راکێشانی هێڵی گواستنەوە بەکار نەکەوتوون**

**بەرزبوونەوەی رێژەی بەفیڕۆچوونی کارەبا کە لە رووی ستانداردی جیهانییەوە لە هەموو دنیادا بە ٨ تا ١٢٪ دادەنرێت، بەڵام لای ئێمە بە رێژەی ٤٠٪ زیاد بووە**

**پێدانی ١٠٤ مێگاوات کارەبا بۆ کەرکووک لە ئەمساڵدا لە رێگەی کۆمپانیای ماس و بە پارە و بودجەی ئەو پارێزگایە بووە و لەو یەکەی وێستگانەوە دراوە کە ئێمە ناتوانین بە هۆی بارگرانیی سەر بودجەی هەرێم سووتەمەنییان بۆ دابین بکەین**

گرفتەکانیان بکەن، بۆ ئەوانەشی کە پێوەریان نییە، ماوەکەمان تا کۆتایی ئەم مانگە درێژ کردەوە، لە دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە وەزارەتی کارەبا لە رێگەی لیژنەکانی سەرپێچیی کارەباوە کار دەکات و ئیجرائاتی توندیش ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەین کە بە سەرپێچی کارەبایان راکێشاوە.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە سەرپێچی لەسەر تۆڕەکانی کارەبا لە لایەن کەسانی دەستڕۆیشتوو ئەنجام دراوە، ئایا لەم کابینەیەدا تاچەند وەزارەت توانای لێپێچینەوەی ئەم جۆرە کەسانەی هەیە؟**

- بە پاڵپشتیی رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەس لە یاسا گەورەتر نییە و هەموو دەسەڵاتێکی پێ داوین بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەی خۆیان بە دەستڕۆیشتوو دەزانن و سەرپێچیان کردووەتە سەر موڵك و سامانی گشتی، جگە لەمە داوامان لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و ئەوقافیش کردووە کە رۆڵیان لە هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیاندا هەبێت و دژی دزین و زێدەڕۆیی بن لە سەر تۆڕەکانی کارەبا، داوام لە کەناڵەکانی راگەیاندنیش هەیە لە هەڵمەتی سەرپێچییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی کارەبا رۆڵیان هەبێت. لەلایەکی دیکەوە لە رووی بڕینی سەرپێچی و کارەبای بەردەوام لە سەر زۆر شوێن و بارەگا ئەنجامدراوە، رێنمایی توندیشمان ئاراستەی فەرمانگەکانی چاککردنەوەی کارەبا کردووە کە بە توندی سزای هەر کارمەند و بەڕێوەبەرێك دەدەین، کە رۆڵی هەبێت لە پێدانی کارەبای بەردەوام، هەروەها زۆربەی کۆمپانیاکانیشمان ئاگادارکردووەتەوە کە لە کاتی بوونی سەرپێچی و کەمتەرخەمیدا ناویان دەخەینە لیستی رەش و وەزارەت جگە لەوەی داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکات، هاوکات کاریشیان لەگەڵدا ناکات.

*** کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە هەموو جیهاندا رۆڵێکی گەورەیان لە پێشخستنی کەرتی کارەبا و دابەشکردنی کارەبا بەسەر هاووڵاتیاندا هەیە، ئێوە تا چەند لە بەشداریکردنی کەرتی تایبەت سەرکەوتوو بوون؟**

- لە سێکتەری (بەرهەمهێنان)دا توانرا بە سەرکەوتوویی بەرەو کەرتی تایبەت بچین، لە ئێستاشدا پڕۆژەمان هەیە کە کەرتی تایبەت لە سێکتەری (دابەشکردن) بەشدار بێت و لە هەر پارێزگایەك ٥٠ هەزار بۆ ١٠٠ هەزار هاوبەش وەك نموونە وەربگرێت، بۆ ئەوەی لەم کەرتەشدا بە هاوشێوەی هەموو ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دنیا بەرەو کەرتی تایبەت بچین، ئەمەش دوای ئەوەی پڕۆژەی تۆڕی زیرەکمان لە شارەکان دانا. لە لایەکی دیکەوە ئێمە پاڵپشتی و کارئاسانیی باشمان بۆ سەرجەم کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کردووە و لە بواری بەڵێندەرایەتی و جێبەجێکردنی پڕۆژە و دابینکردنی وێستگەی مۆبایل و کەرەستەدا رۆڵێکی باشیان بینیوە و بەردەوام لەژێر چاودێری و بەدواداچوونی ئێمەدان، هەر بۆیە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهانی دەبینین کە کاری باش و سەرکەوتوو ئەنجام دەدەن، لەلایەکی دیکەشەوە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەر رێکخستنەوە و چاوخشاندنەوە بە گرێبەستی کڕینی کارەبا ئامادەییەکی باشیان هەیە، بۆ ئەوەی کڕینی کارەبا لە سەرجەم کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا یەك بخرێن. لە سەرەتای ئەم هەفتەیەشدا کونسوڵی گشتیی کۆریای باشوور سەردانی کردم و وێڕای ئاڵۆزبوونی دۆخەکە و توندبوونەوەی ململانێکانی نێوان تاران و واشنتۆن، بەڵام کۆمپانیاکانی کۆریای باشوور ئامادە بوون لە هەموو ئەو پڕۆژە و کارانەی کە تایبەتن بە وەزارەتمان بەشداری بکەن.

*** لە سەرەتای زستانی ئەمساڵدا کتوپڕ پەستانی غاز لە دانەغاز دروست بوو، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دروستبوونی گرفتێکی تەکنیکی لە وێستگەی کارەبای غازی ماس و دواتر کوژانەوەی یەکەیەکی کارەبای خۆرمەڵەی کۆمپانیای کار، ئایا ئەمە رێککەوتن بوو، یان کێشەیەکی تەکنیکی و کتوپڕ بوو؟**

- مەسەلەی دابینکردنی سووتەمەنی، چ غاز بێت، یان گازوایل، یا نەوتی رەش تایبەتە بە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، ئێمە لەم کابینەیەدا هەماهەنگیی باشمان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان هەیە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کابینەیە کە هەمووومان وەکو یەك تیم کار دەکەین، بەڵام هەندێك جار گرفتی پەستانی غاز و گرفتی تەکنیکی لە کێڵگەکانی غاز روودەدات، یان دابینکردنی ئەو بڕە زۆرەی گازوایل تێچوون و خەرجییەکی زۆری پێویستە، لەگەڵ دانانی پێوەری زیرەك و کەمکردنەوەی

لۆدی سەر تۆڕی کارەبا و هەڵکشانی خواست، ئەم کێشەیە بەرەو چارەسە دەچێت.

*** زۆر باس لە گرنگیی تۆڕی زیرەك و دانانی پێوەری زیرەك دەکرێت، ئایا دەتوانین بزانین گرنگیی ئەم پرۆژەیە چییە و قۆناغەکانی جێبەجێکردنی گەیشتۆتە کوێ و کەی تەواو دەبێت؟**

- دەستپێکردنی گرێبەستی دانانی پێوەری زیرەك بۆ سەرانسەری هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٩/٨/١ دەست بەکاربوون و تا ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٣٠ ژمارەی دانانی پێوەرەکان گەیشتە زیاتر لە ١٢١هەزار پێوەر لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە وێڕای ئەوەی تێچوون و نرخی جێبەجێکردنی زۆر کەم کرایەوە، هاوکات لە خزمەتی هاووڵاتیاندایە و لە بەستنی پێوەرەکان و دانانی سندوقەکان هیچ برە پارەیەك لە هاووڵاتیان و هاوبەشانی کارەبا وەرناگیرێت و تەنانەت لەم قۆناغەشدا بە هیچ شێوەیەك نرخی کارەبا زیاد ناکەین، ئەمە وێڕای ئەوەی تۆڕی کارەبا لە هەموو سەرپێچییەکان پاکژ دەکاتەوە هەر هاوبەشێکی کارەبا پێوەری نەبێت، لە سەنتەری داتابەیسەکەوە کارەبای پێ نادرێت، ماوەی تەواوبوونی پرۆژەکە ١٨ مانگە، بەڵام لە پرۆژەیەکی وا ستراتیژیی و گەورەدا پەلە ناکەین و بە شێوەیەکی زۆر زانستی و بە کوالێتی کارەکان ئەنجام دەدەین، هاووڵاتیان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ئەو ڕاستییە دەزانن، ئەگەر نرخی کارەبا و دانانی پێوەر نەبێت مومکین نییە بتوانرێت:

١- بەشێوەیەکی دادپەروەرانە خزمەتگوزاریی کارەبا بگەیەنینە هاووڵاتیان.

٢- لەوەرزەکانی زستان و هاوین کۆنترۆڵی سیستەمی کارەبا بکەین.

٣- زێدەڕۆیی و سەرپێچییەکان بنبڕ بکەین.

٤- زێدەمەسرەفی لەبەکارهێنانی کارەبا نەکرێت و ڕێژەی تێکچوونی محاویلە و وێستگەکان کەم بکەینەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە لە پلان و بەرنامەی وەزارەتی کارەبادایە لەم کابینەیە زۆر بواری وەکو فەرمانگەکانی چاککردنی کارەبا و فرۆشتنی وزە بدرێتە کەرتی تایبەت، ئەو میکانیزمەی دەگیرێتەبەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە چییە؟**

- وەکو هەموو ئەزموونە پێشکەوتووەکانی دنیا کەرتی کارەبا و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کارەبا لەلای کەرتی تایبەتە بە چاودێری توندو بەردەوامی وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان، ئێمە سێکتەری بەرهەمهێنانی کارەبامان داوە بە کەرتی تایبەت و بۆ گواستنەوە و دابەشکردنیش کاری جددی دەکەین، بەڵام سەرەتا دەبێت کەرتی کارەبا ڕێك بخرێتەوە و ئەو هەموو سەرپێچی و کەموکورتییە چارەسەر بکرێت، ئەوجا هەنگاوی دووەممان دانانی یاسا و ڕێنمایی تایبەتە بۆ هاتنە پێشەوەی کۆمپانیاکان لە بواری دابەشکردن و بەشێك لە گواستنەوەش.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ لەم بارودۆخەدا کۆنترۆڵکردنی ئەو هەموو هاوبەش و وێستگەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردنی کارەبایە لەم بوارەدا چۆن هەموو ئەم سێکتەرانە ڕێك دەخەنەوە؟**

- لەبەر ئەوەی ١٣ وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبامان هەیە و توانای ٦٧٣٧ مێگاوات کارەبایان هەیە ٢٨٣ وێستگەی گواستنەوەی کارەبا و زیاتر لە ٣٢٠٠ کیلۆمەتر هێڵەکانی ١٣٢ و ١٩٦٧ هێڵی ١١و ٣٣ کی ڤی و ٦٨٩٥١ گۆڕەری کارەبا و زیاتر لە یەك ملیۆن و ٥٧٤ هەزار هاوبەشی کارەبا، هەربۆیە زۆر پێویستە کۆنترۆڵی ناوەندی هەرێم دابمەزرێنین و هەموو کۆنترۆڵەکانی شارەکان ببەستینەوە بەیەکەوە و لەم ڕووەوە کار لەسەر پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیژی دەکەین کە بە (پرۆژەی سکادا) ناودەبرێت و قۆناغەکانی بریوەو لەسەرەتای ساڵی نوێوە تەندەری سکادا ئیعلان دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی وەزارەتی کارەبا و فەرمانبەر و کرێکارو ئەندازیارەکانی ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە، ئەویش چاکسازییە لەسەرجەم سێکتەرەکان و کارکردنە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی بوارەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو دابەشکردن و کۆنترۆڵ، ئەمە وێڕای چارەسەرکردنی کێشەیەکی موزمن کە سەرپێچییەکانی سەر تۆڕەکانی کارەبایە، لەم پێناوەشدا بەرنامەی کارمان پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران کردووە و بەم نزیکانە رادەگەیەندرێت و کاری دڵسۆزانە لەسەر یەکە یەکەی بڕگەکانی دەکەین، لە کۆتا جاریشدا باشکردنی خزمەتگوزاریی کارەبا دەکەینە جێگای ڕەزامەندیی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

**دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیە وەزارەتی کارەبا لە ڕێگەی لیژنەکانی سەرپێچیی کارەباوە کار دەکات و ئیجرائاتی توندیش ئاراستەی ئەو کەسانە دەکەین کە بە سەرپێچی کارەبایان ڕاکێشاوە**

**کۆمپانیاکانیشمان ئاگادارکردووەتەوە کە لە کاتی بوونی سەرپێچی و کەمتەرخەمیدا ناویان دەخەینە لیستی ڕەش و وەزارەت جگە لەوەی داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکات، هاوکات کاریشیان لەگەڵدا ناکات**

**وێڕای ئاڵۆزبوونی دۆخەکە و توندبوونەوەی ململانێکانی نێوان تاران و واشنتۆن، بەڵام کۆمپانیاکانی کۆریای باشوور ئامادە بوون لە هەموو ئەو پرۆژە و کارانەی کە تایبەتن بە وەزارەتمان بەشداری بکەن**

پیتەر دۆگلاس فیڤەر

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی دیوک بۆ گوڵان:

# ئەنجامدانی گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و ئێران پێویستی بە چەندین دەستپێشخەریی دیپلۆماتی هەیە

وەك هەمیشە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بارێکی نادڵنیایی و نائارامیدا تێدەپەڕێت، زۆرجار پێشهات و پەرەسەندنی پێشبینی نەکراویش بە خۆوە دەبینیت، رەنگە هۆکارەکانیش بەدوور نەبن لە لاوازیی سیستمی دەوڵەت و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەکان، کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی زەمینەیەك دروست بێت کە زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە ببنە گۆڕەپانی ململانێ و بەرەودان بە دەستڕۆیشتوویی هێزەکانی دیکە، بە دڵنیاییەوە ئەم رکابەرییەش لەسەر حیسابی ئارامی و ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتەیە کە بۆتە شانۆی یەکلاکردنەوەی حیساباتی هێزە پێکناکۆکەکان. دیارترین و نوێترین حاڵەتیش لەم رووەوە گۆڕانی عێراقە بۆ گۆڕەپانی فشار و ململانێکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران. بۆ تاوتوێکردنی ئەم پرسە و



## دیمانەی تایبەت

**چەندین پرسی دیکەی پەیوەندیدار بە هەلومەرجی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، هەروەها بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر هۆکار و پاڵنەرەکانی پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ پیتەر فیڤەر دۆگلاس ئەنجام دا، کە پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و سیاسەتی گشتییە لە زانکۆی دیوك، لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ئەمنییە لە هەمان زانکۆ. پیتەر فیڤەر لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٧ راوێژکاری تایبەت بووە لە بواری پلاندانانی ستراتیژی و چاکسازیی دامەزراوەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، کە بەرپرسیارێتییەکانی ئەم ئەرکانەی لەخۆدەگرت، ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی، پرسەکانی پەیوەست بە کاروباری سیاسی و سەربازی، پێشتریش بەڕێوەبەری سیاسەتی بەرگری و کۆنترۆڵکردنی چەك بووە لە هەمان ئەنجومەن.**

**ڕەنگە هەڵکشانی بارگرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان ئەمریکا و ئێران زۆرترین دەرئەنجام بەدوای خۆیدا بهێنێت، هەرچەندە تێکڕای ئەم پرسانە بەندە بەوەی تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە هەڵکشانەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت**

**ئیدارەی سەرۆک ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێران بە نیازی هێرشکردن بوو، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا ئاماژەیە بەوەی کە سزا ئابوورییەکان فشارێکی زۆریان لەسەر ئێران هەبووە**

**عەرەبستانی سعودیە و هەندێ لایەنی دیکە دەیانەوێت بزانن تا چ ڕاددەیەک دەکرێت، ڕێگاچارەی دیپلۆماتی لە پێناو ڕێگرتن لە هەڵکشانی زیاتری بارودۆخەکە و کۆتاییهێنان بە گرژییەکان بگیرێتەبەر**

*** ئێمە دەزانین لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، نازاندرێت پێشهات و پەرەسەندنەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن، ئێوە چۆن لەم بارودۆخە دەڕوانن و چ هەڵسەنگاندنێکتان بۆی هەیە؟**

- ئاشکرایە کە گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران بوونە هۆی هێنانەئارای کۆمەڵێک پەرەسەندن، سرووشتی ئەم پەرسەندن و پێشهاتانەش بە چەشنێکن کە هەموو کاراکتەرەکانی ناوچەکەیان نیگەران کردووە. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەگەر بێت و ئەم گرژی و ئاڵۆزییانە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بچن، ئەوا بۆی هەیە هێز و کاراکتەرە ناوچەییەکانیش تێوەبگلێن و ڕابکێشرێنە نێو ئەو ململانێیەوە. هەرچۆنێك بێت ئومێدێك هەیە بۆ ئەوەی هەردوولا بە حەزەرەوە مامەڵە بکەن، واتە ڕەنگە هەردوولا گوتار و لێدوانی توند لە دژی یەکتری بدەن، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع پەنا نەبەنە بەر کردار و کردەوەیەکی زۆر دراماتیکی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کە ئاماژەی پێکرا ئەوا دەکرێت بڵێین ڕەنگە هەڵکشانی بارگرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان ئەمریکا و ئێران زۆرترین دەرئەنجام بەدوای خۆیدا بهێنێت، هەرچەندە تێکڕای ئەم پرسانە بەندە بەوەی تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە هەڵکشانەکە لە کۆنترۆڵ دەربچێت.

*** پێشتر باس لەوە دەکرا کە سەرۆك ترەمپ سەرکێشی ناکات لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا و تەنیا سزا ئابوورییەکان دەکاتە ئامرازی هێنانەدیی ئامانجەکانی، بەڵام ئەوەتا دەرکەوت کە دەکرێت سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پەنا بۆ شێواز و ڕێچکەی دیکەی ببات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ترەمپ گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی چیتر سزا ئابوورییەکان بە تەنیا بەس نین؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێران بە نیازی هێرشکردن بوو، ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا ئاماژەیە بەوەی کە سزا ئابوورییەکان فشارێکی زۆریان لەسەر ئێران هەبووە، کەواتە دەکرێت بە هەردوولادا ڕاڤە بکرێت، واتە دەکرێت بڵێین کە سزا ئابوورییەکان کاریگەری خۆیان هەبووە، بەڵام بە ڕاددەیەك نەبووە کە ئێران ناچار بکات بیر لە سازش بکاتەوە.

*** یەکێك لە سیاسەتەکانی سەرۆکی دۆناڵد ترەمپ، بەتایبەتی کە ئەمە یەکێك بوو لە بەڵێنەکانی سەروەختی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیش کە «ئەمریکا داهات و داراییەکی زۆری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خەرج کردووە و هیچیشی لێ نەچنیوەتەوە»، پێت وایە تا چ ڕاددەیەك ئەمە ڕەنگدانەوەی لەسەر هەنگاو و بڕیارەکانی هەبوویێت؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ باسی لە کۆتاییهێنان بە شەڕە بێ کۆتاییەکانی کردووە، نەك کۆتاییهێنان بە بوونی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ئێمە ئەوەمان بەدی کردووە کە ئیدارەی ئەمریکا جەخت لەسەر شەراکەت و هاوبەشییەکی بەهێز دەکات لەگەڵ چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی عەرەبستانی سعودیە و ئیسرائیل. کەواتە ئەگەر ئێمە شیکاری بۆ مەسەلەکە بکەین، ئەوا سەرۆك ترەمپ لە ڕووی تاکتیکییەوە ویستوویەتی گۆڕانکاری بەسەر بوونی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بهێنێت، نەك دەست بداتە پڕۆسەی کشانەوەیەکی یەکجارەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد بتوانێت ئەم ئامانجە بەدی بهێنێت، مەبەستمان ئەوەیە کە کۆتایی بە شەڕەکان بهێنێت و لە هەمان کاتدا پارێزگاری لە بوون و ئامادەبوونی ئەمریکاش بکات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟**

- من لێرەدا دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمە کە سەرۆك ترەمپ ویستوویەتی سنورێك بۆ شەڕە بێکۆتاییەکان دابنێت، لە پەیوەندی بەم پرسەوە خوازیاری ئەوە بووە کە خەڵکی ناوچەکە خۆیان جڵەوی کاروبارەکان بگرنەدەست و بەرپرسیارێتیی شەڕەکان بگرنەئەستۆ، هەرچەندە ئەمە بۆی هەیە ئەگەری گرژی و ناکۆکییەکان زیاتر بکات، بەتایبەتی لەگەڵ ئێراندا، کە ئەمەش پێچەوانەی خواست و هەوڵی ئەوە بۆ کەمکردنەوەی گرژی و ناکۆکییەکان لە ناوچەکەدا.

*** زۆرجار هەڵکشانی مەترسیداری بارودۆخەکە بووەتە هۆی ئەوەی کە لایەنەکان بیر لە ڕێگاچارەی دەرچوون لە تەنگژەکە بکەنەوە و هەوڵبدەن دۆخەکە هێور بکەنەوە و جۆرێك**



**لە چارەسەر بدۆزنەوە، پێت وایە لە ئێستادا دەکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران زەمینەی هاوبەش بدۆزنەوە و لەبری هەڵکشانی زیاتر رێگای گفتوگۆ و دیالۆگ بگرنەبەر؟**

- بۆ ئەوەی ئەمە رووبدات ئەوا پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا درێژە بە شەراکەتێکی نزیك لەگەڵ عێراقدا بدات، چونکە ئێستا، یان لە مەودای نزیکدا ئەمە مەترسییەکەیە کە ئەمریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا لەدەست بدات، لە هەمان کاتدا ئەمە پێویستی بە خستنەگەڕی هەوڵ، یان دەستپێشخەرییەکی دیپلۆماسی ناوچەیی هەیە، چونکە ئێستا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە عەرەبستانی سعودیە و هەندێ لایەنی دیکە دەیانەوێت بزانن تا چ راددەیەك دەکرێت، رێگاچارەی دیپلۆماتی لە پێناو رێگرتن لە هەڵکشانی زیاتری بارودۆخەکە و کۆتاییهێنان بە گرژییەکان بگیرێتەبەر.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین کە هێزە ئیقلیمییەکانی ناوچەکە دەتوانن رۆڵێکی ئەرێنی و گرنگ لە نزیکردنەوەی هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئێراندا ببینن؟**

- ئەگەر راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا دەتوانم لەم رووەوە بڵێم کە گرتنەبەری رێگاچارەی دیالۆگ لە نێوان ئەمریکا و ئێران، پێویستی بەوە دەبێت کە ئەم هەوڵە دیپلۆماتییانە بەرهەمیان هەبێت. لە هەمان کاتدا دەبێت چەندین دەستپێشخەریی دیکە بکرێن بۆ ئەوەی ئەو سیناریۆ باشە بێتەئاراوە کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێ دەکەن.

*** هەندێ لە سیاسەتمەدار و شرۆڤەکارانی نێو خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیان وایە کە پاڵنەری سەرەکیی دۆناڵد ترەمپ بۆ هەڵکشانی گرژییەکان لەو ساتەوەختەدا، بۆ ئەوە بوو کە هەندێ پرسی ناوخۆیی لەبیر ببردرێنەوە، بەتایبەتی پرسی لادانی سەرۆك، تێڕوانین و بۆچوونی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- راستە ئەم رەخنەیە لە ئارادایە، بەتایبەتی کە ئەندامانی پارتی دیموکرات ئەم پرسەیان وروژاندووە، کە لە راستیدا لە مەودای نزیکیشدا ئەم دەرئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە، مەبەستم ئەوەیە سەرنج لەسەر هەندێ پرسی ناوخۆیی ئەمریکا لادەدات، چونکە پێشتر دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمریکا بەردەوام باسی پرسی لادانی سەرۆکیان دەکرد، ئێستا پتر سەرقاڵن بەم گرژی و پەرەسەندن و پێشهاتە نوێیانەوە. واتە راستە درێژە دەدەن بە باسکردنی پرسی لادانی سەرۆکەوە، بەڵام بە رێژە و رادەی پێشتر نییە. لێرەدا من دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەم رەخنەیە لە ئارادایە، بەڵام ئایا تا چ رادەیەك ئەمە لەگەڵ زانیارییەکاندا یەك دەگرنەوە، ئەوا من ئاگاداری خەلفییەتی ئەوە نیم کە رووی دا.

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ باسی لە کۆتاییهێنان بە شەڕە بێ کۆتاییەکانی کردووە، نەک کۆتاییهێنان بە بوونی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست**



زاکری لۆکمان پرۆفیسۆری مێژوو و دیراساتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی نیویۆرك و توێژەر و وانەبێژی چەند بابەتێکی گرنگە وەك مێژووی هاوچەرخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێشتریش بەڕێوەبەری کۆمەڵەی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی کە گفتوگۆ و مشتومڕێکی زۆری لە بارەوە دەکرێت، هەروەها کاریگەری، یان ئاکامەکانی سیاسەتی ئەمریکا وەك گەورەترین هێزی باڵادەست و دەستڕۆیشتوو لەم ناوچەیەدا و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

دیمانەی تایبەت

زاکری لۆکمان

پرۆفیسۆری مێژوو و دیراساتی ئیسلامی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی نیویۆرک بۆ گوڵان:

# ئەمریکا لە هەوڵی پارێزگاریکردن و بەهێزکردنی پێگە باڵادەستەکەیدایە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

*** لەوەتەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەسەڵاتی گرتۆتەدەست، باس لە پرسی کشانەوە، یان کەمکردنەوەی بوونی ئەمریکا دەکرێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرۆك ترەمپ خۆیشی چەندین جار ئاماژەی بەوە کردووە کە دەبێت سنوورێك بۆ شەڕە بێکۆتاییەکان دابنرێت، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە و تا چەند ئەم ئیدارەیە توانیویەتی بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرێت؟**

- لە راستیدا من پێم وانییە مەسەلەکە ئەوە بێت کە ئایا ئەمریکا لەم ناوچەیە دەکشێتەوە، یان نا، بەڵکو ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەرچەندە زۆر زەحمەتە بزانین ترەمپ چۆن بیر دەکاتەوە، بەڵام هێندەی لەو رێچکەیە تێگەیشتبین کە ترەمپ گرتوویەتەبەر، دەبینین ئەمریکا لە چەندین ناکۆکی و شەڕەوە تێوەگلاوە، لە نێویاندا شەڕەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێوە بڕواننە شەڕی ئەفغانستان، هەروەها داگیرکردنی عێراق کە مایەی کارەسات بوو هەم بۆ ئەمریکا و هەم بۆ خەڵکی عێراق. ئەوە بوو لە ماوەی رابردوودا بڕیاری دا لە ناوچە کوردنشینەکانی سووریا بکشێتەوە بەرەو کێڵگە نەوتییەکان و بواری دا تورکیا جڵەوی ئەو ناوچەیە بگرێتەدەست. هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێ کردن بۆ ئەوە بوو بڵێم کە ترەمپ راینەگەیاندووە کە دەیەوێت ناوچەی کەنداو جێبهێڵێت، یان بیەوێت لەپێناو کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوانیاندا لەگەڵ ئێران بگاتە رێککەوتنێك، یان هەوڵی جدیی نەداوە بۆ ئەوەی ئێران و سعودیە و هاوپەیمانەکانی بگەنە جۆرێك لە رێککەوتن، کە ئەگەر ئەمە رووبدات،

**کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن ئەمریکاوە بۆتە هۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویەکی زیاتری لە ئابووریی جیهاندا هەبێت، بەتایبەتی لە ئاستی هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی و وڵاتی یاباندا**

**لایەنێک دەیەوێت تا رادەیەک ئەمریکا لەم ناوچەیە بکشێتەوە، رەوتێکیش هەیە پێی وایە پێویستە ئەمریکا سیاسەتێکی توندتر لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەبەر، کە ئەوە بوو لە دوای ساڵی ٢٠٠١ـەوە ئەم سیاسەتە لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت «شەڕی دژ بە تیرۆریزم» پیادە کرا**

**ئەمریکا کار دەکات بۆ ناچارکردنی رژێم و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە بگرنەبەر کە ئەمریکا دەیەوێت و خۆ ئەگەر بێت و بەرهەڵستی بکەن، ئەوا هەوڵی لابردنیان، یان لاوازکردن، یان ئیحتیواکردنیان دەدات**

**ئابووریی ئێران لە دۆخێکی باشدا نییە و رۆژ بە رۆژ خراپتریش دەبێت، ئەمەش هەندێ جار بۆتەهۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی لە نێو گەلی ئێراندا، کە دەیانەوێت ژیانێکی جیاوازتر و ژیانێکی باشتر بژین**

**پێم وانییە سزاکان ببنەهۆی رووخاندنی دەسەڵاتی ئێران. چونکە ئێمە پێشتریش لە عێراق و شوێنەکانی دیکە بینیومانە کە سزاکان دەبنەهۆی بەهێزکردنی رژێمەکان و نابنەهۆی پێکانی ئامانجەکانیان**

ئەوا لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدا دەبێت لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین تەواو پێچەوانەیە، چونکە دەبینین هەوڵی هەڵکشانی گرژییەکان دەدات لەگەڵ ئێراندا.

*** زۆر جار مشتومڕی ئەوە لە نێو خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەکرێت کە ئایا بەراورد بە رابردوو ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی ئەوتۆی ماوە بۆ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لە راستیدا مشتومڕە کۆنەکە ئەوە بوو کە خەمی سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا نەوتەکەی بوو، بەڵام ئەمە هەمیشە مشتومڕێکی ئاڵۆز بووە، چونکە هیچ کاتێک ئەمریکا پشتی بە نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبەستووە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە لەلایەن ئەمریکاوە بۆتە هۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویییەکی زیاتری لە ئابووریی جیهاندا هەبێت، بەتایبەتی لە ئاستی هاوپەیمانە ئەورووپییەکانی و وڵاتی یاباندا، کە ئەمەی دواییان زۆر پشتی بە نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەستووە. بە دڵنیاییەوە لە سەروەختی شەڕی ساردیشدا ئەم ناوچەیە گۆڕەپانێکی گرنگی ململانێکان بوو. کەواتە ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکەتان ئەوا بە دڵنیاییەوە لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە ئەم مشتومڕە لە بارەی گرنگیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا لەلایەن نوخبەی سیاسەتدارێژەری ئەمریکییەوە دەکرێت. واتە لایەنێک دەیەوێت تا رادەیەک ئەمریکا لەم ناوچەیە بکشێتەوە، رەوتێکیش هەیە پێی وایە پێویستە ئەمریکا سیاسەتێکی توندتر لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەبەر، کە ئەوە بوو لە دوای ساڵی ٢٠٠١ـەوە ئەم سیاسەتە لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت «شەڕی دژ بە تیرۆریزم» پیادە کرا، دواتر ئەمە کرایە بیانوو و پاساوی شەڕ لە دژی ئەفغانستان و دواتر داگیرکردنی عێراق و تا رادەیەک سیاسەتەکانی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا. کەواتە ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا من نازانم ئایا ئەم ناوچەیە گرنگییەکی کەمتری هەیە بۆ ئەمریکا، یان نا، چونکە تا ئێستاش لەم ناوچەیەدا برێکی زۆر نەوت بەرهەم دەهێندرێت، هەرچەندە پێم وایە ئاماژەکردن بە هۆکاری نەوت وەك پاڵنەری داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەمریکاوە شرۆڤەکارییەکی یارمەتیدەر نییە. هەرچۆنێك بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی بە تاکە هێزی باڵادەست دەزانێت و هەوڵیش دەدات پارێزگاری لەم پێگەیە بکات و بگرە بەهێزیشی بکات، لەم پێناوەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کار دەکات بۆ ناچارکردنی رژێم و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ ئەوەی ئەو سیاسەتە بگرنەبەر کە ئەمریکا دەیەوێت و خۆ ئەگەر بێت و بەرهەڵستی بکەن، ئەوا هەوڵی لابردنیان، یان لاوازکردن، یان ئیحتیواکردنیان دەدات. کە پێم وانییە بەم نزیکانە گۆڕانکارییەك لەم سیاسەتەدا بەدی بکرێت.

*** باسی ئەوەتان کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵی ئیحتیواکردنی هەر لایەنێك دەدات کە دژ و بەرهەڵست بێت بۆ سیاسەتەکانی لەم ناوچەیەدا، ئایا پێت وایە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پتر پەنای بردۆتەبەر سزا و فشاری ئابووری، یان ئایا ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم رێگاچارەیە دەڕوانن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە باس لە کاریگەریی سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران بکەین، ئەوا راستە ئابووریی ئێران لە دۆخێکی باشدا نییە و رۆژ بە رۆژ خراپتریش دەبێت، ئەمەش هەندێ جار بۆتەهۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی لە نێو گەلی ئێراندا، کە دەیانەوێت ژیانێکی جیاوازتر و ژیانێکی باشتر بژین. کاتێکیش دەبینین کە دەسەڵاتدارانی ئێران رووبەڕووی ئەم سزا سەختە ئابوورییانە بوونەتەوە، ئەوا دەیانەوێت هەستی ناسیۆنالیستیی خەڵکی وڵاتەکە بجووڵێنن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەبێت بەرگری لە وڵاتەکەمان بکەین. هەرچۆنێك بێت من نامەوێت پێشبینیی داهاتوو بکەم، بەڵام پێم وانییە سزاکان ببنەهۆی رووخاندنی دەسەڵاتی ئێران. چونکە ئێمە پێشتریش لە عێراق و شوێنەکانی دیکە بینیومانە کە سزاکان دەبنەهۆی بەهێزکردنی رژێمەکان و نابنەهۆی پێکانی ئامانجەکانیان، ئەمە ئەگەر ئامانجەکە رووخاندنی رژێمەکە بێت. دواتر ئێمە بینیمان کە دەسەڵاتدارانی ئێران ئامادە بوون رێککەوتنی ئەتۆمی واژۆ بکەن و پابەندیشی بوون، ئەوە بوو سەرۆك ترەمپ لەم رێککەوتنە کشایەوە و سزای زۆر قورسی بەسەر ئەو وڵاتەدا




سەپاند، بەڵام پێم وانییە ئەم سزایانە ئامانجی خۆیان بپێکن ئەگەر ئامانجەکە کۆتاییهێنان بە حوکمڕانی ئەم دەسەڵاتەی ئێستای ئێران نەبێت.

*** بە شێوەیەکی گشتی پێت وایە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چی بکات، یان دەتوانێت بۆ هێورکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و بۆ هاوکاریکردنی ئەو وڵاتانەی ناوچەکە کە بە دۆخێکی سەخت و ناهەمواردا تێدەپەڕن چی بکات؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، ئەگەر ئێمە لە رووی مێژوییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین، ئەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە هاوکاری رژێمە دیکتاتۆرەکان و پاشا رەهاکان بووە و پشتیوانیی سەدام حوسێن و رژێمی بەعسیشی کرد، تا ئەو کاتەی سەدام کوەیتی داگیر کرد. ئەم جۆرە سیاسەت و داگیرکاری و دەستێوەردانانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مایەی کارەسات بوون بۆ گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش. کەواتە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن زەحمەتە بەدی بێت، چونکە ئەمە بە مانای پێچەوانەکردنەوە و گۆڕینی سیاسەتی چەند دەیەی ئەمریکا دێت لە ئاست ئەم ناوچەیە، واتە سیاسەتێك بێت کە پابەندبوونێکی راستەقینەی هەبێت بە چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشە جددییەکانی ئەم ناوچەیەوە لە رێگای سیاسی و پەنابردنەبەر گفتوگۆوە، هەروەها ئەمە پێویستی بەوە دەبێت کە بە سەربازیکردنی ئەو ناوچەیە کەم بکرێتەوە، کە هیچ پێویست ناکات ئەمریکا چەکێکی زۆر بفرۆشێت، یان بدات بە هەندێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە، هاوکات دەبێت ئەمە هاوشان بێت بە هەوڵەکانی هێنانەئارای گەشەی ئابووری و برەودان بە مافەکانی مرۆڤ، کە هەرگیز ئەمە نەبۆتە ئەولەوییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا. کەواتە ئەگەر وەڵامەکەم پوخت بکەمەوە، ئەوا ئەم کارە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی پێویستە، بەڵام بەردەوامبوون لەسەر ئەو سیاسەتەی ئێستا ئەمریکا وەك پەنابردنەبەر هێز و هەڕەشەکردن و پشتیوانیکردن لە هەندێ لە رژێمە خراپەکان و هەڕەشەکردن لەو رژێمە خراپانەی کە ئەمریکا هاوهەڵوێست نییە لەگەڵیاندا، بەرهەمێکی ئەرێنی لێ ناکەوێتەوە. چونکە کێشەکانی ئەم ناوچەیە، کە کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتین، بە پەنابردنەبەر هێزی سەربازی و هەڕەشەکردن چارەسەر ناکرێن.

**ئەمریکا هەمیشە هاوکاری رژێمە دیکتاتۆرەکان و پاشا رەهاکان بووە و پشتیوانیی سەدام حوسێن و رژێمی بەعسیشی کرد، تا ئەو کاتەی سەدام کوەیتی داگیر کرد**

**بەردەوامبوون لەسەر ئەو سیاسەتەی ئێستا ئەمریکا وەک پەنابردنەبەر هێز و هەڕەشەکردن و پشتیوانیکردن لە هەندێ لە رژێمە خراپەکان و هەڕەشەکردن لەو رژێمە خراپانەی کە ئەمریکا هاوهەڵوێست نییە لەگەڵیاندا، بەرهەمێکی ئەرێنی لێ ناکەوێتەوە**



مەسعود محەمەد کاڕەش

بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەگەر خەڵک پێوەر و ڕێنماییەکانی پاراستنی ئاو جێبەجێ بکەن، هیچ کێشەیەکی کەمئاوی نامێنێت

**ئاوی خواردنەوە مایەی ژیانە و پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆش لە خزمەتگوزارییە پێویست و سەرەکییەکانی هەر وڵاتێکە و لە هەرێمی کوردستانیش هەموو کابینەکانی حکەمەت بایەخ و گرینگییەکی زۆریان پێی داوە، پڕۆژەی ئاوی قورسیش لەسەر قەرزی وڵاتی ژاپۆن دروست دەکرێت،بەڵام ئەگەر کێشەی کەمئاوی چارەسەر کرابێت، ئەوا هێشتا لە وەرزەکانی زستان و بەهاران بەتایبەتی مەترسیی دروستبوونی لافاو هەیە، بۆیە ئاوەڕۆکانیش بایەخی خۆیان هەیە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە زیانەکانی لافاو بەدوور بن، ئەمانە و چەندین پرسی گرینگی دیکە تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ مەسعود محەمەد کاڕەش بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان پێك دەهێنن.**

## ئەو ئاوەی ئێمە دابینی دەکەین زۆر زیاترە لەو ستانداردەی جیهانییەی کە هەیە

## سەبارەت بە هوشیارکردنەوە و گەیاندنی ڕێنماییەکانی پاراستنی ئاو گلەییمان لە خۆمان و لە میدیا هەیە

## بەو کارانەی چەند ساڵە لە ڕێگای تیمەکانی ئاوەڕۆوە ئەنجام دراون، باوەڕ ناکەم لە شاری هەولێر لافاو مەترسی دروست بکات

*** پڕۆژەی ئاوی قورسی هەولێر یەکێکە لە پڕۆژە ستراتیژییە گەورەکانی کوردستان و دوای تەواوبوونی ماستەرپلانەکەی و ڕەزامەندیی حکومەتی فیدراڵی لەسەر قەرزی ژاپۆنی کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئایا ئەم پڕۆژەیە کەی بەکردەیی دەست بە قۆناخی یەکەمی دەکرێت و بە چەند قۆناخ تەواو دەبێت و تا چەند خزمەتی ژینگەی پایتەخت دەکات؟**

- کە باسی ئاوەڕۆ دەکەین، دەبێت باسی ئاو بکەین، چونکە ئاوەڕۆ لە ئەنجامی ئاووە دروست دەبێت، لە شاری هەولێر ئەو پڕۆژانەی کە ئاو بۆ خەڵك دابین دەکەن، بریتین لە ئاوی ئیفراز یەك و دوو و سێ و کۆمەڵێك بیر کە لەئەنجامی بەکارهێنانی ئاوەکە لەلایەن هاووڵاتیانەوە ئاوەڕۆ دروست دەبێت، ئاوەڕۆش دوو جۆرە، جۆرێکیان بۆ ئاوی بارانە، جۆری دووەمیان ئاوەڕۆی قورسە کە ئەویش دەبێتە دوو بەش، بەشی یەکەم پێی دەگوترێت ئاوەڕۆی بلاك کە دەکاتە ئاو و ئەو پاشماوانەی دەچێتە (wc) و دووەم بەشی ئاوەڕۆی قورس کە پێی دەگوترێت (گری) کە ئەمەش ئاوی مەتبەخ و حەمامەکانە و هەردوو بەشی ئاوی قورس مەترسیدارن، بەڵام ئاوەڕۆی قورسی بلاك زۆر مەترسیدارە لەبەر ئەوەی کاریگەریی زۆر خراپ لەسەر ژینگە دروست دەکات، بەتایبەتی لەسەر ئاوی ژینگە وەك ئێستا کە ئەو ئاو و پاشماوەیە لە ماڵەکان دەچێتە ناو بیر کە نزیك دەبێتەوە لە ئاوی ژێر زەوی و مەترسی لەسەر تێکەڵاوبوونی هەیە لەگەڵ تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوەش، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ئاوەڕۆیانە لە شاری هەولێر بیرۆکەی ئاوی قورس هاتە

**ئەو ڕێژەی ئاوی خواردنەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان دابینی دەکەین، دوو بەرامبەری ڕێژەی ستانداردی جیهانییە**

**ئاوی قورسی شاری هەولێر لە ڕێگای بیری ماڵانەوە کاریگەری زۆر خراپ و مەترسیی لەسەر ژینگە و بەتایبەتی لەسەر ئاوی ژێر زەوی و تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ماڵان هەیە**

**بە تەواوکردنی پرۆژەکە ژینگەی شاری هەولێر لە ڕووی ئاوی قورسی بلاک و گری ١٠٠٪ پارێزراو و پاک دەبێتەوە**

کایەوە و ئەو پرۆژەیە یەکەم پرۆژەیە لە هەرێمی کوردستان دروست بکرێت، کە قۆناغی یەکەمی یەك لەسەر هەشتی پرۆژەکەیە کە بڕی ١٠٠ هەزار مەتر سێجا لەخۆ دەگرێت و ٧٥ کیلۆمەتر بۆڕی پایتینگە و ئەم قۆناغەش وەك هەموو سیستەمێکی ئاوەڕۆکە لە هەولێر جێبەجێ دەکرێت. پرۆژەی پاککردنەوەی ئاوە قورسەکە تارادەیەك هاوشێوەی پرۆژەی ئاوی ئیفرازە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە پرۆژەی ئاوی ئیفراز ئاوی خام بۆ خواردنەوە پاك دەکاتەوە، ئەگەرچی پرۆژەی ئاوەڕۆکەی عارەب کەند ئاوی قورس پاك دەکاتەوە، کە دەتوانرێت سوود لە ئاوەکەی وەربگیرێن بۆ ئاوەدانی و پشتێنەی سەوز و پارکەکانی شاری هەولێر و کاری کشتوکاڵی و ئاوی بارانیش هەر لە ڕێگای ئاوەڕۆکانەوە دەچێتە ئەو کەناڵەی کە ئاوەکە دەباتە پرۆژەکەی عارەب کەند و ئەو دیاردەیەش نامێنێت کە خەڵکانێك ئەو ئاوی ئاوەڕۆیانە بۆ مەبەستی جیا جیا بەکاربێنن، پاش تەواوبوونی ئاوەڕۆی قورسیش هەر لە قۆناغی یەکەمدا پێویست ناکات بیری ئاو هەڵکەندرێت بۆ پشتێنەی سەوزی هەولێر. پرۆژەی ئاوی قورسی هەولێر لەسەر قەرزی وڵاتی ژاپۆن دروست دەکرێت و هەر لەدوای ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە چەندین وڵات هاتنە عێراق بۆ ئاوەدانکردنەوەی و ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاری، یەکێك لەو وڵاتانە ژاپۆن بوو کە پارەی بە قەرز بە عێراق دا، لەم قەرزەشدا بەشی هەرێمی کوردستانی تێدا بوو و لەم قەرزەی ژاپۆن وەك وەزارەتی شارەوانی لە قۆناغی یەکەمدا پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئیفرازی هەولێر و هەڵەبجەمان پێ تەواوکرد، هاوکات هەر بەو پارەیە تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ناو شاری هەولێر کە ٣٠٠ کیلۆمەتر بوو و تۆڕی ئاوی خواردنەوەی هەڵەبجە و تۆڕی ئاوی ناو شاری سلێمانی کە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەتر و نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەتر تۆڕی ئاوی خواردنەوەی شاری دهۆکمان پێ گۆڕی. قۆناغی دووەمی قەرزەکەی ژاپۆن بۆ پرۆژەی ئاوی قورسی هەولێر تەرخان کرا، پرۆژەکەش کرایە دوو بەش، بەشی یەکەم بریتییە لە دیزاین و کاری ڕاوێژکاری و سەرپەرشتیکردن کە ئەمەش لە ڕێگای تەندەرەوە بۆ کۆمپانیای یونێکۆ دەرچوو، کە ئێستا لە قۆناغی دروستکردنی دیزاینەکەن لەلایەن تیمێکی ئەندازیاری ژاپۆنی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەندازیارانی خۆمان کە ماوەی یەك ساڵ دەخایەنێت لەو ڕۆژەی کە گرێبەستەکەمان ئیمزا کردووە و دیزاین و ڕاوێژکارییەکەی بڕی ٣٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، لەپاشان هەر ئەو کۆمپانیایە سەرپەرشتیی پرۆژەکە دەکات و قۆناغی جێبەجێکردنی پرۆژەکەش ماوەی سێ ساڵ دەخایەنێت، کە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە. پرۆژەی ئاوی قورسی هەولێر بەگشتی ٨٠٠ هەزار مەتر سێجا ئاوەڕۆ لە خۆ دەگرێت و ئەو دیزاینە و شێوەی دروستکردنەکە بەشێوەیەك دانراوە کە چارەسەری ئاوی قورسی هەولێر بکات تا ساڵی ٢٠٣٥ و تەواوکردنی هەموو پرۆژەکەش مەرج نییە بە هەشت قۆناغ بێت، بەڵکو دەوەستێتە سەر بڕی بودجەی تەرخانکراو، بۆی هەیە بکرێتە دوو یا سێ قۆناغ، یان زیاتر، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان باش بوو، ئەوە بۆی هەیە لەسەر بودجەی خۆی حکومەتی هەرێم قۆناغەکانی دیکەی ئەنجام بدات. ئێستا ئاوی قورسی شاری هەولێر لە ڕێگای بیری ماڵانەوە کاریگەری زۆر خراپ و مەترسیی لەسەر ژینگە و بەتایبەتی لەسەر ئاوی ژێر زەوی و تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ماڵان هەیە، بەڵام بە تەواوکردنی پرۆژەکە ژینگەکەی شاری هەولێر لە ڕووی ئاوی قورسی بلاك و گری ١٠٠٪ پارێزراو و پاك دەبێتەوە.

*** یەکێك لەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی شاری هەولێر دەبێتەوە لە زستان و بەهاران مەترسیی دروستبوونی لافاوە، بۆ بەرگرتن لەو مەترسییە ساڵانە هەڵمەتێك بۆ پاککردنەوەی ئاوەڕۆکان دەست پێدەکەن، بۆ ئەمساڵ بەرنامەتان چییە؟**

- بۆ پاککردنەوەی و چاککردنی ئاوەڕۆکانی ناو شاری هەولێر بۆ ئەوەی تووشی حاڵەتی لافاو و گلدانەوەی ئاو نەبین لەناو شارو گەڕەکەکاندا، ئەمساڵ وەك ساڵی ڕابردوو بەدوو جۆر کار دەکەین، جۆری یەکەم: لەمانگی ١٠ی

ساڵی ٢٠١٩ دەستمان پێ کردووە لە ڕێگای تیمەکانی خۆمان کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەڕۆی هەولێرن، جگە لە ڕۆژ، شەوانەش تیمی ئێشکگرمان داناوە، ئەمەش بەردەوام دەبێت تا دەگاتە مانگی ٤ی ساڵی ٢٠٢٠ بەتایبەتی بۆ ئەو شوێن و گەڕەکانەی کە مەترسیی لافاویان لێ دەکرێت، تیمەکان ئامادەن بۆ هەر حاڵەتێکی لەناکاو لە گیرانی مەنهۆلەکان و چاککردنەوەی سەری مەنهۆلەکان و هەرچی پێویست بکات، ئەو کارانەش بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەر شەش شارەوانی ناو شاری هەولێر ئەنجام دەدرێت، لایەنی دووەم: بۆ ئەنجامدانی پاککردنەوە و چاککردنەوەی ئاوەڕۆکانی ناو شاری هەولێر گرێبەستێکمان لەگەڵ ڕێکخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی هەیە کە ساڵی ڕابردووش بە هەمانشێوە ژمارەیەکی زۆر قەپاخی مەنهۆل و ئایندێت و پێداویستیی دیکەیان بۆ ئاوەڕۆکانی شاری هەولێر دابین کرد، مەنهۆڵ و ئەو جێگایانەی ئاوەڕۆکان کە پێویست بوو پاك بکرێنەوە، پاك کرانەوە، بە هەمانشێوە ئەمساڵیش ئەو ڕێکخراوە ئەڵمانییە کار لەسەر پاککردنەوەو چاککردنەوەی ئاوەڕۆکانی هەولێر دەکات، بێگومان لەپاش ئەو کارانەی تیمەکانمان و ڕێکخراوی (GIZ)ی ئەڵمانی باوڕ ناکەم لافاو لەناو شاری هەولێر دروست بێت، بەڵام دەمێنێتەوە سەر یەك حاڵەت کە کێشەیەکە و لایەنی پەیوەندیدار ڕەچاوی نەکردووە، ئەویش کەندە سرووشتییەکانە کە لەکاتی دابەشکردنی زەوی بە سەر هاووڵاتیان، کە خانوو و باڵەخانەیان لەسەر دروست کراوە، ئەوا لەکاتی بارانبارین ئاراستەی ئاوەکانیان دەگۆڕێت و هەندێکجار لە هەندێ گەڕەك و شوێن دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی ئاو و لافاو، بەڵام لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتەوە جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار نووسراوی بۆ هەموو شارەوانییەکان ناردووە کە نابێت بەهیچ جۆرێك کەندی سرووشتی لە هیچ شوێنێك بکەوێتە ناو چوارچێوەی دابەشکردنی زەوی بۆ نیشتەجێکردن و باڵەخانە، بەڵکو دەبێت ئەو کەندە سرووشتیانە هەروەکو خۆیان بمێننەوە تاوەکو ڕێڕەوی ئاو نەگۆڕێت و نەبێتە هۆی لافاو و گلدانەوەی ئاو.

*** هەولێر بەراورد بە ١٠ ساڵی ڕابردوو زۆر فراوانتر بووە و سەدان گەڕەکی تازە و گوندی هاوچەرخی تێدا دروست کراوە، تا چەند بۆ ئەو گەڕەکە تازانە خزمەتگوزاری ئاوی پاکی خواردنەوە و ئاوەڕۆی قورس دابین کراوە؟**

- یەکێك لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئاماژەی پێ دراوە، دابینکردنی خزمەتگوزارییە و لەو خزمەتگوزارییانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانی (کە ئێمەش بەشێکین لەم وەزارەتە) دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دروستکردنی ئاوەڕۆی ئاوی باران و ئاوەڕۆی قورسە. هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای قەیرانی دارایی و شەڕی داعش زیاتر لە یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری بۆ پڕۆژەکانی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ دابین کردووە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێم تووشی کێشەی بێ ئاوی و کەم ئاوی نەبن. سەبارەت بە ئاوەڕۆش بەگشتی لە هەموو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بە هەزاران کیلۆمەتر و بە قەبارەی جۆراوجۆر تۆڕی ئاوەڕۆ دروست کراون.

*** پێشتر سەرچاوەی بەشێکی سەرەکیی لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە لە هەولێر بیر و ئاوی ژێر زەوی بوو، بەڵام دوای تەواوبوونی پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی ٣، پشتبەستن بە ئاوی سەر زەوی بووە سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و بە سەدان بیری ئیرتیوازی داخران، لەئێستا بەهۆی ئەو فراوانبوونە خێرایەی شاری هەولێر، پڕۆژەی ئاوی ئیفرازی ٣ توانای دابینکردنی ئاوی بۆ هەموو گەڕەکەکانی هەولێر نییە، ئایا بە تەواوبوونی پڕۆژەکە کێشەی کەمئاوی لە هەولێر چارەسەر دەبێت؟**

- ئێمە پابەندی هێڵە گشتییەکەی کارنامەی حکومەتین و بە هیچ جۆرێك بۆ پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە دەست بۆ ئاوی ژێر زەوی نابەین تاوەکو ئەو سامانە سروشتیە نیشتمانییە بۆ ئایندەو نەوەکانمان پارێزراوبێت. هەر بۆیە ئەو پڕۆژانەی لە پلاندان هەر هەموویان لە ڕێگای ئاوی سەرزەوین، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی

**حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای قەیرانی دارایی و شەڕی داعش زیاتر لە یەک ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری بۆ پڕۆژەکانی ئاوی خواردنەوە بۆ دابین کردووە**

**ئێمە پابەندی هێڵە گشتییەکەی کارنامەی حکومەتین و بە هیچ جۆرێک بۆ پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە دەست بۆ ئاوی ژێر زەوی نابەین تاوەکو ئەو سامانە سروشتیە نیشتمانییە بۆ ئایندەو نەوەکانمان پارێزراوبێت**

**ئەگەر ٤٠٪ی داهاتەکەمانیان پێمان بدایە، دەمانتوانی چەندین کارو پڕۆژەی گەورە لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ جێبەجێ بکەین**

**کێشەی ئاو لە هەر شارو شوێنێک دروست دەبێت، لەئەنجامی ئەوەیە کە هاووڵاتیان سێ جار و چوار جار زیاتر لە پێداویستیی خۆیان ئاو بەکاردەهێنن**

**سەرەڕای چەندین شێوە زێدەڕۆی لەسەر تۆڕی ئاوی خواردنەوە، ساڵی رابردوو کە تەنیا ٤٠٪ی دانیشتووانی شاری هەولێر پێوەریان داناوە، بێ کێشەترین هاوین بوو لە ٢٠ ساڵی رابردوودا**

کەمئاوی لە شاری هەولێر گرێبەستێکمان لەگەڵ کۆمپانیای (بای وەتەری) بەریتانی کردووە، لەدوو قۆناغ پێکهاتووە و قۆناغی یەکەمی دەستی پێ کردووە، کە لە توانایدا هەیە ١٠٠٠ مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە لەیەك سەعاتدا دابین بکات، هەرچەند کۆمپانیاکە نەیتوانی ئەم کارە لە هاوینی ٢٠١٩ بە تەواوی جێبەجێ بکات، بەڵام ئێستا لەگفتوگۆداین بۆ ئەوەی قوناغەی یەکەمی پرۆژەکە پێش هاوێنی ئەمساڵ تەواو بکات کە بە تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی ئەو پرۆژەیە لە گەڕەکەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی شاری هەولێر (نالێم ١٠٠٪ ) بەڵکو تا رادەیەکی زۆر باش کێشەی کەمئاوی نامێنێت. هەروەها قۆناغی دووەمی ئەو پرۆژەی ئاوی خواردنەوەیە کە تەنیا بۆ ناو شاری هەولێر نییە، بەڵکو قەزای بنەسڵاوە، دارەتوو، کەسنەزان، شاوێس و بەحرکەش لەخۆ دەگرێت، هەر لەگەڵ کۆمپانیای (بای وەتەری) بەریتانی ئیمزا کراوە و پرۆژەکە زۆر گەورەو ستراتیژییە و لە یەك سەعات بڕی ٢٥ هەزار مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە دابین دەکات، ئەمەش چەند بەرامبەری پرۆژەی ئاوی ئیفراز یەك و دوو و سێیە، بۆ ئەو پرۆژەیەش سوود لە ئاوی زێی گەورە وەرگیراوە و بە تەواوبوونی ئەو پرۆژەیە هەموو بیرەکانی ناو شاری هەولێر و قەزا و ناحییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر دادەخرێن.

*** بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆ، خاوەنی سەرچاوەیەکی داهاتی زۆر باشە کە لەبری هەقی ئاو لە هاووڵاتیانی وەردەگرێت و ئێستا وەك باس دەکرێت، ئەو داهاتە روو لە زیادبوونیشە، ئایا ناتوانن بەو پارەیە بێجگە لە سیانەی پرۆژەکان، تۆڕی ئاوی شارەکانیشی پێ بگۆڕن؟**

- بۆ یەکەمجار لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پلانە دانرا کە وەزارەتەکان هەر یەکەیان بەشێك لە داهاتەکانیان بۆ کارو پرۆژەکانیان بەکار بێنن، ئێمە وەك بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێم بڕی ٤٠٪ی داهاتەکەمان بۆ دیاریکرا کە بەکاری بێنین لە کارو پرۆژەکانمان، هەروەها شارەوانی ٢٠٪ی بۆ دیاری کرا، بەڵام لەپاشان ئەو رێژەی داهاتەی ئێمە کەم کرایەوە بۆ ٢٠٪ ئەمەش زۆر کەمە، ئەگەر ٤٠٪ی داهاتەکەمانیان پێمان بدایە، دەمانتوانی چەندین کارو پرۆژەی گەورە لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ جێبەجێ بکەین. ئێمە داهاتی ئاوەڕۆمان نییە و داهاتەکەمان تەنیا داهاتی ئاوە کە ئەو داهاتەش لە پرۆژەی ئاوەڕۆش خەرج دەکەین.

*** دەگوترێ رێژەی بەرهەمهێنانی ئاوی پاك لە هەولێر، بەپێی ستاندەری جیهان لە رێژەی دانیشتووانی زیاترە، واتە بڕێکی زۆری بە هەدەر دەدرێت، دیارە بۆ رێگرتن لە دیاردەی بەفیڕۆدانی ئاو پەناتان بۆ پێوەری زیرەك بردووە، ئەم پێوەرە تا چەند رێژەی بەفیڕۆدانی ئاو کەم دەکاتەوە؟**

- ئەو رێژەی ئاوی خواردنەوەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان دابینی دەکەین، دوو بەرامبەری رێژەی ستانداردی جیهانییە و لە سۆران و چەمچەماڵیش ئەگەر ئەو رێنماییانەی لەلای ئێمەوە دەرچووە، (بەتایبەتی دانانی پێوەر) هەموو خەڵك پێی پابەند بن و رێنماییەکانی دیکەش جێبەجێ بکەن، ئەو دوو شارەش کێشەی کەمئاوییان نامێنێت. کێشەی ئاو لە هەر شارو شوێنێك دروست دەبێت، لەئەنجامی ئەوەیە کە هاووڵاتیان سێ جار و چوار جار زیاتر لە پێداویستیی خۆیان ئاو بەکاردەهێنن. سەرەڕای چەندین شێوە زێدەڕۆی لەسەر تۆڕی ئاوی خواردنەوە، ساڵی رابردوو کە تەنیا ٤٠٪ی دانیشتووانی شاری هەولێر پێوەریان داناوە، بێ کێشەترین هاوین بوو لە ٢٠ ساڵی رابردوودا، بۆیە ئێمە گەرەنتی دەدەین ئەگەر هەموو هاووڵاتیان پێوەری ئاو ببەستن و پابەندی رێنماییەکان بن بۆ پاراستنی ئاوی خواردنەوە، ئەوا کێشەی کەمئاوی لە هیچ شوێنێك نامێنێت.

*** لایەنێکی زۆر گرنگ بۆ ریگرتن لە بەفیڕۆدانی ئاو، هۆشیارکردنەوەی خەڵکە، بەڵام وەك سەرنج دەدەین لە هۆیەکانی راگەیاندن ئەم بابەتەتان فەرامۆش کردووە، لەو بارەیەوە چ بەرنامەیەکتان هەیە؟**

- لێرەدا دەبێت گلەیەکی لە خۆمان و لە میدیاش بکەین، هەر چەندە ئەو کارە زیاتر پەیوەندی بە بودجە هەیە، بێگومان هەر کاتێك

کە باسی ئاوی خواردنەوە دەکەین، تەنیا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ بەرپرس نییە لەو سامانە سرووشتیە نیشتمانییە، بەڵکو هەموو خەڵك و لایەن و دامودەزگاکانی حکومەت و میدیاکان لێی بەرپرسن، چونکە هەموومان بەپێ پێویست ئاو بەکار دەهێنین و دەیخۆینەوە. بۆیە داواکارین لە راگەیاندن و میدیاکانی هەرێمی کوردستان هاوکارمان بن لە گەیاندنی هۆشیارکردنەوە و پابەندبوونی خەڵك بە پاراستنی ئاووە، بۆ ئەو مەبەستە لە ماوەی رابردوودا لە رێگای رێکخراوی (یوو ئێس ئەی ) چەندین کارو چالاکیی باش پێشکەش کراوە، لەوانە چەندین کەمپینیان بۆ هوشیارکردنەوە و گەیاندنی رێنماییەکان لەسەر ئاو ئەنجام داوە و لە رێگای سۆشیاڵ میدیاوە بە هەمان شێوە کاری باشیان کردووە، هەروەها وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی هەرێمی کوردستان لە رێگای وتاری رۆژانی هەینییەوە پەیامی بەفیڕۆنەدانی ئاویان گەیاندۆتە خەڵکەوە، هاوکات وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی پێشوو لە قۆناغەکانی بنەڕەتییەوە هۆشیاری و رێنماییەکانی پاراستنی ئاویان گەیاندووە و بۆ ئەو مەبەستە قوتابیانیان بردۆتە سەر پرۆژەکانی ئاوی ئیفراز، تاوەکو بەچاوی خۆیان ببینن کە ئاوی خواردنەوە بە چەند قۆناغ و بە چ زەحمەتێکی زۆرەوە بۆ هاووڵاتیان دابین دەکرێت.



*** دیارە وەزارەتی شارەوانی کە زەوی نیشتەجێ بۆ هاووڵاتیان دابین دەکات، دەبێت هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەکانی خۆی بەتایبەتی فەرمانگەی ئاو و ئاوەڕۆ هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە دابین بکرێت، بەڵام وەك دەبینین دەیان هەزار پارچە زەوی دابەش کراون، بەڵام ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆ دابین نەکراوە، چۆن چارەسەری ئەو کێشەیە دەکەن؟**

- ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و لەجێگای خۆیەتی، بێگومان دابەشکردنی زەوی، یان پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی خانوو لەو کەرت و شوێنانەی کە خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە، ئەوە یەکێکە لەو هەڵانەی دەکرێت، هەر بۆیە لەگەڵ جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بە نووسراو ئاماژەمان بەو حاڵەتە داوە کە ئەو شوێنانەی خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە، مۆڵەتی خانوو دروستکردن نەدرێت و خزمەتگوزارییەکانیش بۆ هەر گەڕەکێکی تازە زۆرە، بەڵام ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ئێستادا توانای هەیە ئەو هەموو خزمەتگوزارییانە ئەنجام بدات؟ بێگومان دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە.بۆ جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکانیشمان چاوەڕوانی پەسندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ دەکەین، کە بەشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیشی تێدایە.